دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٨، شەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی، ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٢


www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ٢

■ تیمێک لە پێشمەرگەکانی «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» لە ورمێ دەستبەسەر کراون ٢

■ ڕێژیم ئاسەوارە مێژووییەکانی ناوچەی هەوشار بەتاڵان دەبات ٣

کەشتیی حیزب لە نێوگەردەلوولی ڕووداوەکانی ... ٤



دوو تابلۆ و دوو دیمەنی دژواز ٦

حیزبی دێموکرات، ڕێکخەر و پەرەپێدەری بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# کۆبوونەوەی هاوبەشی

# ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو



لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکراتدا دواقۆناغەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تاوتوێ کران.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١١ی گەلاوێژ ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێی دواقۆناغەکانی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کۆ بوونەوە.

لە بڕگەی یەکەمی دانیشتنەکەدا بەرپرسانی هەیئەتەکانی دانوستانکاری دوولایەنی دێموکرات دواڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆسەی وتووێژەکان بۆ وەسەریەک کەوتنەوە بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات پێشکێش بە کۆبوونەوەکە کرد.

لەو ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژەی ورد بەو پێشڤەچوونە گرینگ و دەسکەوتە بەرچاوانەی لە ڕەوتی پڕۆسەی یەکگرتنەوەدا وەدی‌هاتوون، وردەکارییەکانی دواقۆناغی پڕۆسەکە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەندامانی ڕێبەریی دوولایەنی دێموکرات تیشکیان خرایە سەر.

لە بڕگەی دووهەمی کۆبوونەوەکەشدا بەڕێزان مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس لە پشوودرێژیی هەیئەتەکانی دانوستانکار و هەروەها شێلگیریی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە بەئەنجام‌گەیاندنی پڕۆسەی سەخت بەڵام هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، دوورەدیمەنی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتوو، و ئەرک و دەرەوەستییەکانی قۆناغی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیان دەستنیشان کرد.

کاک مستەفا هیجری لە قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە بە هیممەت و ئەرک‌وەخۆگری هەمووانە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەخەینەوە سەر یەک و قۆناغێکی نوێ و هیوابەخش لە بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو دەستەبەریی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەمان لە ئێراندا درێژە پێ‌دەدەین. بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە زیان و خەسارەکانی لێک‌دابرانی ڕیزەکانی حیزب و ئەو زەبرەی لە یەکگرتوویی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەوت، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ بە وەسەریەک‌کەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و یەک‌خستنەوەی وزەی خەباتگێڕیمان هەم قەرەبووی ئەو قۆناغەی دابڕان بکەینەوە و هەم گوڕوتینێکی پتر بە جووڵانەوەی مافخوازیی گەلەکەمان بدەین.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە ئەوەی تا ئێستا هەیئەتەکانی دانوستانکار بە یارمەتیی فکریی ڕێبەریی دوولایەن بە مەبەستی بەئەنجام‌گەیاندنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تا دواقۆناغی خۆی کردوویانە، ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتیی مێژوویی و خەباتگێڕی بووە؛ بەڵام ئەوەی لە داهاتووی خەباتی هاوبەشمان لە یەک ڕیزدا و بۆ گەیشتن بە ئامانجی جووڵانەوەکەمان لەسەرشانی هەمووان قورسایی دەکات، دەروەستییەکە کە دەبێ تا سەر پێی پابەند بین.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا هاتە سەر ئەو بابەتە کە ڕاستە ئێمە دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەهۆی دابڕانمان لەگەڵ یەکتری لەو ماوەیەدا بەجیا خەبات و تێکۆشانمان بووە، بەڵام سەربەرزین بەوەی شێلگیرانە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتمان کردوە، خاوەندارەتیمان لە پرسی کورد لە ئێران و مێژووی پڕشنگداری هاوبەشمان کردووە و، ئێستاش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد و هەنگاوی کاریگەر لە سەرخستنی خەباتی نەتەوەکەمان ڕیزەکانمان یەک دەخەینەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا شێلگیری و ئیرادەی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە وەڵامدانەوە بەو زەروورەتە مێژووییە و گەیاندنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە دواقۆناغەکانی خۆی بەرز نرخێندرا.

کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات پاش باس و تەتەڵەی دواقۆناغەکانی پڕۆسەی یەکگرتنەوە و، هیوابەخشی بە ڕاگەیاندنی کۆتایی پڕۆسەکە لە داهاتوویەکی نیزیکدا؛ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## پەیڤ

### ئێکبوون

✍ کەریم پەرویزی

زۆر شتی جیاواز دەتوانێ هۆکار بێ تا ژمارەیەك مرۆڤ بەدەوری یەك کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن و لە کات و سامان و ژیانیانی بۆ تەرخان بکەن؛ بەو مانایە کە ڕەنگە پێوەندییە خزمایەتییەکان دەوری گرنگی هەبێ یان ڕەنگە ناسنامەیەکی ناوچەیی یان گەورەتر لە ناوچەیەك، بەشێك لە وڵات یان تەنانەت ناسنامەی گشتگیرتری هەموو کۆمەڵگا ئەو بیانووی پێکەوەبوونە دابین بکا. ڕەنگە بەرژەوەندییە جیاوازەکانی مرۆڤەکان لە خاڵێك و دەرووچەیەکی تایبەتیدا یەك بگرنەوە و ئەو ژمارەیە لە کەسەکان پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بەو شتەی کە خێری گشتیانی تێدایە، ڕەنگە بڕوا و هزری هاوبەش بەیەکەوەیان گرێ بدا و دەست لە دەستی یەك بنێن تاکوو ئەو بڕوای هاوبەشە سەر بخەن.

هەرکام لەو بیانووە جیاوازانە بۆ بەدەوری یەکەوەبوون، ڕەنگە لە دیمەنێکی گشتیدا هاوتا بێنە بەرچاو و هەموویان وەکوو هۆکاری گرێدرانی مرۆڤەکان بە پێناسەیەکی گەورەتر لە تاك بناسرێن کە پێی دەڵێن گرووپ یان ڕێکخراو، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەرکام لە هۆکارەکان، دیاردەی جیاواز و دەرکەوتەی جیاوازیشیان لێ دەکەوێتەوە.

ئەوەیکە گرنگە حیزبی دێموکرات لە نێو ئەو بیانووانەدا، یان بە زمانێکیی دیکە بڵێین هانە و مۆتیڤانەدا چەند لایەنی جیاواز و هاندەری جیاواز بۆتە هۆی پێکهاتنی و لە درێژەی تێکۆشانیدا گەشەی کردووە و هۆکارەکانی پێکەوەگرێدانی تاکەکانی کە پێیان دەڵێن ئەندام، زیادیشیان کردووە و بۆیە وەك دیاردەیەکی سیاسی بۆتە بوونێکی زیندوو کە چەندین دەیەیە بەردەوامە و بەردەوامیش گەشە دەکا.

هۆکارەکانی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە ڕێکخراوێکی وەکوو حیزبی دێموکراتدا کە چەند ڕۆژی دی ٧٧ ساڵ بەسەر لەدایکبوونی تێدەپەڕێ، جیاوازن و ڕەنگە هۆکارە جیاوازەکان، لە هەندێ کاتی تەنگەبەریدا ببنە هۆکاری پەرتەوازیش، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە حیزبێکی زیندوو و گەشەسەندووی وەکوو حیزبی دێموکرات لەو ئەزموونە تاڵانە کەڵك وەربگرێ و هۆکار و بیانووی جیاوازی مرۆڤە تێکۆشەرەکان بکاتە دەسمایە بۆ بەهێزیی حیزبەکە و ڕەنگامەبوونی ڕێکخراو کە خۆشەویستیی و خوێنشیرینیی لای خەڵك بەو ڕەنگە جیاوازانەوە زیاتر بکا و حیزبێکی ڕەنگین و پڕ لە جوانی نیشانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری سەبارەت بە تۆمەت و بوختانەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر بزووتنەوەی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تۆمەت و بوختانەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر بزووتنەوەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا سێناریۆسازی و تۆمەتە بێ بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی بە توندی ڕەت کردەوە و بە مایەی داماوی و بێدەرەتانیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی زانی.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

لە ڕۆژانی ڕابردوودا پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دەستگیرکردنی ژمارەیەک پێشمەرگەیان لە نێوخۆی کوردستان لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخستن و تەشکیلاتیدا، هێرشێکی بەربڵاو لەلایەن دەزگای ئیتلاعات و دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو کرایەوە کە چالاکی ئەو پێشمەرگە گیراوانەی بە پیلانی وڵاتانی دەرەوە و پەیوەندییان لەگەڵ ئیسراییل بەستەوە.

تۆمەت بەخشینەوە و تۆمەتبارکردنی هەر دەنگێکی ئازاد و هەر ڕەوتێکی خەباتکاری کوردستان بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە یەکێک لە سەرەکیترین کار و پیشەکانی کۆماری ئیسلامی بووە و لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بە دەیان جار حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستانی بە «دەستی دەرەکی» و «هاوپەیمانی ئامریکا و ئیسرائیل» و .. تۆمەتبار کردووە.

هەڵمەتی ناڕەوای ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێژیمە سەرەڕای قەیرانی نێوخۆیی و نارەزایی بەرینی توێژە جیاجیاکانی خەڵک کە خوازیاری نەمانی ئەم ڕێژیمەن، بارودۆخی دەرەکیشی تووشی قەیرانێکی گەورە بووە کە بۆی چارەسەر نابێت، هەر لە بابەتی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی تا دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچەکە و برەودان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی تووشی قەیرانی جیدی بووە.

لەم دواییانەشدا لێدانی ناوەندە ئەتۆمی و موشەکییەکان و کڕینی ژمارەیەک کەسی پلەبەرز لە هێزە ئەمنییەکان و باقی دامودەزگاکانی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل، بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم بۆ سەندنەوەی ئابڕوی لەدەستچووی خۆی جارێکی دیکە سێناریۆسازی بکات و ئەمجاریش ئەم سێناریۆیەی تۆمەت لێدان لە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی ڕێکخست.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم سێناریۆسازی و تۆمەتە بێ بنەمایانەی کۆماری ئیسلامی بە توندی ڕەت دەکەینەوە و بە مایەی داماوی و بێدەرەتانیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی دەزانین. لەلای هەمووان ئاشکرایە کە کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو ستەم و بێ مافییەیە کە لەماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان پەیڕەو کراوە و سازکردنی بوختان و درۆ و تۆمەتی بێ بنەما بۆ سەر بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی بێجگە لە مایەپووچبوونی ئەم ڕێژیمە زیاتر نییە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٧ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی**
**٢٩ی ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی**

# پێنج کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی تێکۆشەر لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست دا



ڕۆژی دووشەممە ١٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی پێنج کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی حیزبدۆست و تێکۆشەری ماموستا مەلا «ئەحمەد دافعی» لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لەنێوان گوندەکانی «کاولان و چۆمەڵ» گیانیان لەدەست دا و سێ کەسیش بریندار بوون.

ئەو کەسانەی لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەست داوە بریتین لە: «مەلا محەممەد دافعی، کەژاڵ دافعی، غونچە محەممەدی، عایشە محەممەدی و مەحموود ئیبراهیمی».

ماموستا مەلا «ئەحمەد دافعی» یەکێک لە هەوادارنی حیزبی دێموکرات و سیمایەکی ناسراوی دژی ڕێژیمی شا بوو کە لە بزووتنەوی شۆڕشەکانی ساڵی ٤٦ـ ٤٧یشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

تەرمی ناوبراون لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەدا بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسی ناوبراوان دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# جاشێک لە «سەوڵاوا» کوژرا




ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ جاشێک لە نزیک باخەکەی خۆی کوژراوە.

شوناسی ئەو جاشە «قەهرەمان شەهیدی» خەڵکی گوندی «سوورەتوو» سەر بە «سەوڵاوا» ڕاگەیەندراوە.

خەڵکی ناوچەکە باس لەوە دەکەن کە ئەو جاشە دەستی لە سیخوڕی و ڕاپۆرتدان لە ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران هەبووە و چەندین کەس لەسەر سیخوڕیی ناوبراو شەهید کراون.

جەنازەی ئەو جاشە ڕادەستی پزیشکیی دادوەریی شاری «مەریوان» کراوە؛ ئەو جاشە لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژراوە.

هەروەها شەوی ٢٨ی پووشپەڕ لە کاتی گەڕانی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران جێگیر لە ناوچەی «بڕوێشکانی» سەر بە شاری بانە، کەسانێکی چەکداری نەناسراو تەقەیان لە هێزەکانی ڕێژیم کردووە و دوو دەرجەدار کوژراون.

بەپێی زانیارییەکان کە بڵاو کراونەتەوە، ئەو شەڕ و تێکەڵچوونە لە ناوچەی «بڕوێشکانی»ی بانە لەگەڵ کەسانێکی چەکداری نەناسراو ڕووی داوە.

لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا دوو دەرجەدار بە ناوەکانی ستوانی دووەم «مەهدی محەممەدی‌نەسب» و ئۆستواری دووەم «عەلی فازڵی شاد» کوژراون.

فەرماندەی هێزە بەناو سنوورپارێزەکانی ڕێژیم لە سنە پشتڕاستی کردووەتەوە و وتوویەتی کە ئەو شەڕە لە کاتی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکەدا ڕووی داوە.

# تیمێک لە پێشمەرگەکانی «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» لە ورمێ دەسبەسەر کراون

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە تیمێک لە پێشمەرگەکانیان کە بۆ چالاکی سەردانی ناوچەکانی «ورمێ»ـیان کردبوو، دەسبەسەر کراون.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: «ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەداخەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە ئەنجامی چالاکییەکی تەشکیلاتی بۆ کاری ڕێکخستن لە ناوچەی سۆما و برادۆست سەر بە پارێزگای ورمێ، تیمێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکەونە بۆسەی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەداخەوە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان دەسبەسەر دەکرێن».


دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی «ئیسماعیل خەتیب» وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە دانیشتنی شۆرای تەئمینی پارێزگای سنە، هەڕەشەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکانی جێگیر لەو هەرێمە و ئەو وڵاتانە کرد کە دژی ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدەن.

«ئیسماعیل خەتیب» هەروەها باسی لەوە کردووە کە ئیتلاعاتی ڕێژیم لە جووڵەی دژبەرانیان ئاگادارن و بە توندترین شێوە تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.

ناوبراو حیزبە کوردییەکانی بە ئامرازی دەستی وڵاتانی دەرەکی وەسف کردووە و هەڕەشەی تۆڵەی لە حیزبە کوردییەکان و وڵاتانی دەرەکی دژبەری ڕێژیم کردووە.

ئەو قسانەی وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم بە دوای ئەوەدا دێت کە ڕۆژێک پێشتر «ئیبراهیم ڕەئیسی» سەرکۆماری ڕێژیم هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە وەڵامی هەر شێوە هەڕەشەیەک بۆ سەر پەیکەری ڕێژیمی ئێران بە توندی دەدەنەوە.

# تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە دوو منداڵی کورد لە میدیا بیانییەکان دەنگی دایەوە



هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستاندا جیا لەوەیکە لەسەر سنوورەکان دەست لە کاسبکاران ناپارێزن و ڕاستەوخۆ تەقەیان لێ دەکەن لە نێو شارەکانیشدا ماشینی هاووڵاتییان بە گومانی پێبوونی شتومەکی قاچاخ دەدەنە بەر دەسڕێژی گوللە.

تەقەی ڕاستەوخۆ لە منداڵان لەلایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمەوە بە «منداڵکوژیی ڕێژیمی ئێران» پێناسە کراوە.

ڕێژیمی ئێران لە کاتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانیشدا لە شەقامەکان ڕاستەوخۆ تەقە لە منداڵان دەکات کە هەتا ئێستا چەندین منداڵ کوژراون.

لەو پێوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژ، هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران تەقەیان لە ماشینی شەخسیی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمان ڕاشدی‌مەنش» خەڵکی گوندی «قوڵقوڵە»ی مەریوان لە جادەی خوڕەم ئاوا کردووە، کە لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنە دوو ئەندامی ئەو بنەماڵەیە گیانیان لەدەست دا.

لەو جینایەتەدا «مەهدی و مەتین ڕاشدی‌مەنش»، تەمەن ٩ و ١٣ ساڵان گیانیان لەدەست دا و باوک و دایکی ئەو دوو منداڵەش دەسبەسەر کران.

هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە خاڵی پشکنینی فیرووزئاوا، تەقەیان لە ماشینی ئەو هاووڵاتییە کوردە، کردووە.

دۆخی تەندروستیی گشتیی ڕەحمان و هوما باوک و دایکی ئەو دوو منداڵە نالەبار ڕاگەیەندراوە.

## نرخی ناونووسین لە قوتابخانەکانی پارێزگای «سنە» ٣٠ لەسەد هەڵکشاوە



بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، شورای پەروەردە و بارهێنانی شاری «سنە» لە حاڵێکدا بەڕێوە چووە کە بەرپرسانی ئەو ئیدارەیە باسیان لە هەڵکشانی ٣٠ لەسەدیی نرخی ناونووسین لە قوتابخانەکان کردووە.

هەڵکشانی نرخی ٣٠ لەسەدیی ناونووسین لە حاڵێکدایە کە بنەماڵەکان لەگەڵ قەیرانی ئابووری و دابینکردنی بژێویی ژیان بەرەوڕوون.

هەتا ئێستا ٩٩ لەسەدی قوتابییان لە پارێزگای «سنە» ناویان نەنووسیوە، بەڵام ڕێژەیەک لە قوتابخانەکان بەهۆی ئەوەیکە لە ئەمساڵدا بودجەیەکی زۆر کەم بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان دابین کراوە، نەیانتوانیوە قوتابخانەکان لە کاتی خۆیدا ئامادە بکەن و قوتابییان وەرنەگرتوون.

هەروەها «محەممەد سەعید کەنعانی» بەڕێوەبەری پەروەردە و بارهێنانی ناوچەی ٢ی «سنە» باسی لەوە کردووە: «بەهۆی ئەویکە ١١٠ میلیارد تمەن بە پەیمانکارەکان قەرزدارین پرۆژەکانی ئەو ئیدارەیە لە ناوچەی ١ و ٢ و هەروەها کەڵاتەرزان بە نیوەچڵی ماونەتەوە».

لەو پەیوەندییەدا «عەبدوڵڵا هادی» جێگری بەڕێوەبەری دارایی پەروەردە و بارهێنانی ناوچەی یەکی «سنە» وتوویەتی، زۆربەی قوتابخانەکانی ئەو پارێزگایە ڕووخاون و ٦٠ تاکوو ٧٠ لەسەدیشیان ڕزیون و لە حاڵی ڕووخاندان.

## کەمیی ئاو لە کوردستان خەڵکی تووشی سەرلێشێواوی کردووە




پچڕانی سێ ڕۆژەی ئاو و دابەزینی خێرای ئاو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی شار و گوندەکانی شاری «ورمێ» بووەتە هۆی سەرلێشێواوی و وەڕەزبوونی خەڵکی ئەو شارە و لەگەڵ ئەوەش بەرپرسان هەتا ئێستا هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشەیەیان بۆ خەڵک ڕوون نەکردووەتەوە.

زۆربەی خەڵکی ئەو شارە گلەییان لە پچڕانی بەردەوامی ئاو کردووە و وتوویانە کە ڕۆژانە بەبێ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە ئاوەکەیان لێ دەگرنەوە کە تەنانەت ئاویان بۆ خۆشوشتن نییە.

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، چۆمی «دلفان» لە پارێزگای «لوڕستان»، بەهۆی ناکارامەیی بەرپرسانی پەیوەندیداری ڕێژیمی ئێران بەرەو وشکبوون دەچێت و هەزاران گیانداری ئەو سەرچاوەیە مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە و چۆمی «سەیمەرە» لە پارێزگای «ئیلامیـ»ـش بە تەواوەتی وشک بووە.

لەلایەکی دیکەوە «مەجیب حەسەنی» فەرمانداری ڕێژیم لە شاری «نیکشەهر» سەر بە پارێزگای «سیستان و بەلووچستان» وتوویەتی: «لە ٣٤٥ گوندی ئەو شارە ٢٢٠ گوند ئاوی پاک و خاوێنیان بۆ ڕانەکێشراوە».

هەروەتر پێشتر نوێنەری ڕێژیم لە «نیکشەهر» باسی لەوە کردبوو کە ٥٠ لەسەدی گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەستیان بە ئاوی خواردنەوە ڕاناگات.

لەلایەکی تریشەوە پچڕانی ئاو و دابەزینی خێرایی ئاو، لە چەند بەشی گەورەی شاری «کرماشان» خەڵکی لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو کردووەتەوە.

کێشەی بێئاوی دەمێکە لەو شارە سەری هەڵداوە بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم هیچ گرینگییەکیان بەم بابەتە نەداوە.

ئەو کێشەیە لە دوای وشکبوونی هەنگاو بە هەنگاوی تاڵاو و گۆل و چۆمەکان ڕوویدا کە لەلایەن ڕێژیمەوە بە شێوەی سیستماتیک جێبەجێ کران تاکوو بە شێوەیەکی ئامانجدار ئەو شوێنانە چۆڵ بکرێن و دێموگرافیای ئەو ناوچانە بگوڕدرێن.

بێئاوی و وشکبوونی سەرچاوەکان بوونەتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ژیانی گیانلەبەران و مرۆڤەکان کە ڕێژیمی ئێران خۆی لێ بە بەرپرسیار نازانێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر دەسەڵاتێک، بە بێ جیاوازی بۆ بەردەوامبوونی ژیانێکی شیاوی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەرکی پاراستن و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانە.

## حەشدی شەعبی لە «کەرکووک» بێڕێزی بە هاووڵاتییانی کورد دەکات

لە پارێزگای «کەرکووک» حەشدی شەعبی کە لەلایەن ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران پشتیوانی لێ دەکرێت وەک بێڕێزی سمێڵی هاووڵاتییەکی کورد دەتاشن.

ئەو هاووڵاتییە لە پێڕەوانی ئایینی «کاکەییـ»ـیە.

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بێڕێزییە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە: «ئەم کردەوەیە جێگەی قبووڵکردن نییە.»

وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بەوەش کردووە «داوا لە هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک دەکەین، دەستبەجێ، لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پرسە پێکبهێنن و تۆمەتباران دەسبەسەر بکرێن و ڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوە، بۆئەوەی هیچ کەس و لایەنێکی دیکە هەوڵنەدات ئەم جۆرە کردەوە ناشیرنانە دووبارە بکاتەوە.»

ئەو هاووڵاتییە باسی لەوە کردووە حەشدی شەعبی قسەی نەشیاویان بەرامبەر کورد و پێشمەرگە کردووە و ئەویش نەیتوانیوە خۆی بگرێت و بە هەمان شێوە وەڵامی داونەتەوە و دوای ئەوەی دەنگی تۆمارکراوە، ئەو بێڕێزییەی بەرامبەر کراوە.

هاوکات خۆپێشاندانێکیش لە کەرکووک دژی ئەو کارەی حەشدی شەعبی ڕێکخرا و یەکێک لە کوردانی کاکەیی داوای کرد، ئەو کەسەی ئەو کارەی بەرامبەر گەنجە کاکەییەکە کردووە ڕادەست بکرێت و لە بەرامبەر ئەو کارەیدا «دەستی ببڕدرێتەوە.»

لەمبارەوە ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی بەشێک لە هاووڵاتییانی «کاکەیی» لە کەرکووک دژی ئەو سووکایەتییەی کە ئەندامانی حەشدی شەعبیی سەر بە ڕێژیمی ئێران بەو لاوە «کاکەییـ»ـیەیان کردووە، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد.

نارازییان بە داخستنی ڕێگای سەرەکیی بەغدا بۆ کەرکووک دژی ئەو کردەوەیەی حەشدی شەعبی ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە و داوا دەکەن ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە، دەبێ ڕادەست بکرێن.

## ٢٠ هەزار هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی «داڵاهۆ» سووتان



ڕۆژی هەینی ٣١ی پووشپەڕ، ئاگر لە کێوەکانی «داڵاهۆ» لە ناوچەی «سورە دێزە»ی سەر بەو شارە کەوتووەتەوە و هەتا درەنگانی شەو ئاگرەهایساوە کە لە ئاکامدا لەلایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ کراوە.

بەهۆی ئەو ئاگرکەوتنەوەیە ٢٠ هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی ناوچەی «سوەرە دێزە»ی «داڵاهۆ» سووتاوە.

هەروەها لە سەرەتای ئەمساڵدا ٧ هێکتار لە دەغڵ و دانی ئەو شارە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە سووتابوو.

شاری «داڵاهۆ» لە ١٠٠ کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی «کرماشان» هەڵکەوتووە و ١٥٥ هەزار هێکتار لەوەڕگە و دارستانی هەیە.

لە هەواڵێکی دیکەشدا ئاشکرا بوو کە تاڵاوی «هشیلان» لە پارێزگای کرماشان بە تەواوی وشک بووە؛ لەمبارەوە «محەممەد حوسێن فەلاحەتی» سەرۆکی ئیدارەی بەناو پاراستنی ژینگەی ڕێژیم لە شاری کرماشان، باسی لەوە کردووە کە تاڵاوی «هشیلان» بە تەواوی وشک بووە و لە ئێستادا بە تانکەر خەریکە ئاوی بۆ دەچێت.

ئەو کاربەدەستەی ڕێژیم هەروەها وتوویەتی کە لەو ساڵانەدا وشکەساڵییەکان کاریگەریی سەرەکییان لەسەر وشکبوونی ئەو تاڵاوە هەبووە و لە ئێستادا نەک تاڵاوەکە بەڵکوو سەرچاوەی ئاوی تاڵاوەکەش خەریکە بەرەو وشکبوون دەچێت.

تەنیا ڕێگاچارەیەک کە لایەنی پەیوەندیداری ڕێژیم ویستوویانە بیگرنە بەر ئەوە بووە کە بنی تاڵاوەکە بە نایلۆن بگرن و بەو شێوەیە ڕێگا لە ڕۆچوونی ئاوەکە بۆ ناو زەوی بگرن تا شوێنی ژیانێک بۆ بوونەوەرە ئاوییەکان دروست ببێت، ئەوە زیاتر لەوەی کە وەکوو چارەسەر ببینرێت زیاتر جێگای پێکەنینە لەبەر ئەوەی کە بوونەوەرە ئاوییەکان لە نایلۆندا ناتوانن بژین.

بڕیار وابوو کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕێژیم بۆ ڕێگری لە وشکبوونی تاڵاوەکە لە بەنداوی «گاوشانـ»ـەوە ئاو بۆ ئەو تاڵاوە بگوازنەوە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر ئەوەش جێبەجێ نەبوو.

تاڵاوی «هشیلان» ئەوە بۆ جاری سێهەمە کە وشک دەبێت و پێشتریش لە ساڵەکانی ١٣٧٨ و ١٣٩٤ ئەو تاڵاوە بە تەواوی وشک ببوو و یەک جاریش ئاگر لە دەوروبەری تاڵاو بەربووە.

## ڕێژیم ئاسەوارە مێژووییەکانی ناوچەی هەوشار بەتاڵان دەبات



بەپێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» بڵاو کراوەتەوە ڕێژیم بە هاوکاریی دەستوپەیوەندییەکانی خۆی لە ناوچەی هەوشار خەریکن ئاسەوارە مێژووییەکانی ئەو ناوچەیە بەتاڵان دەبەن و بۆ شارە فارسنشینەکانی ڕادەگوێزن.

بەپێی زانیارییەکان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژ لەلایەن تاڵانکەرانی کوردستانەوە تەرمی مومیاییەکی ناوچەی هەوشار کە لە تیکاب دۆزراوەتەوە کە لە ڕێگای سایین قەڵا دەستی بەسەردا گیراوە.

ڕێژیم بۆ سڕینەوەی مێژوو و شوناسی کوردستان لە هیچ جۆرە کار و کردەوەیەک خۆی نابوێرێت.

## داهێنەرێکی خەڵکی شاری بۆکان لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی داهێنان لە ژاپۆن خەڵاتی بەدەست هێنا

«لوقمان عەلیمحەممەدیان» داهێنەری بۆکانی بە دروستکردنی کەرەستەیەک بەمەبەستی یارمەتی گەیاندن بە کەسانی کەمئەندام، توانی میداڵی زێڕ و خەڵاتی تایبەتیی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی داهێنان لە ژاپۆن بەدەست بێنێت.

ئەو فێستیڤاڵە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانیی تۆمارکردنی داهێنانی «wipa» و لەلایەن نوێنەرایەتیی فەرمیی وڵاتی تایوان لە شاری «تۆکیۆ»ی ژاپۆن بەڕێوە چووە.

ئێران تیمی پەیوەندیدار بە تۆماری داهێنانی نییە، بۆیە ئەو لاوە بۆکانییە بە شێوەی ئازاد لەو فێستیڤاڵەدا بەشدار بووە.

ناوبراو سەبارەت بەو کەرەستەیەی کە دروستی کردووە وتوویەتی کە بەشێکی زۆر لە کەمئەندامان بە هۆی لاوازی جەستەیی یا عەیبداربوونی ئەندامێکی جەستەیان لە کێشانی وێنە خۆ دەبوێرن و شەرم دەیانگرێت و لە کاتی دیتنی وێنەی کەسانی دیکە و دیمەنی جوان، لە باری ڕەوانییەوە تووشی ئازار دەبن.

ناوبراو هەروەها دەڵێت کە بە کەڵکوەرگرتن لەو کەرەستەیە، کەسانی کەمئەندام دەتوانن ئەندامی خۆیان لەو کەرەستەیە بهاوێن و ژێستی دڵخوازی خۆیان بگرن و وێنەی بە دڵی خۆیان بکێشن.

ناوبراو هەروەها ئەوەشی باس کردووە کە دروستکردنی ئەو کەرەستەیە بە شێوەی گرووپی پێکهاتوو لە کەسانی جۆراوجۆر لە ڕشتە جۆراوجۆرەکانی ئەندازیاری مێکانیک، پزیشکی، ئەندازیاریی پزیشکی، ئێلێکترۆنیک، هونەر و فیزیۆتراپی بە لیدێری ناوبراو بووە کە توانیویەتی لەو فێستیڤاڵەدا خەڵات بەدەست بێنێت.

«لوقمان عەلیمحەممەدیان» پێشتریش توانیبووی لە فێستیڤاڵە میللییەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت، ناوبراو بە نووسینی سێ کتێب، شەش داهێنان و چەندین کاری زانستیی دیکەش پلەی زانستی تۆمار کردووە.

هەروەها «سلێمان مەحموودی» وێنەگر و هونەرمەندی خەڵکی شاری «سەقز» بووەتە براوەی «میداڵی شانازیـ»ـی کێبرکێکی وێنەگری نێونەتەوەیی «حەمدان بن محەممەد بن ڕاشد ئالێ مەکتووم»، «HIPA».

ئەو کێبڕکێیە هەموو ساڵێک لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە بابەت و نێوەڕۆکی دیاریکراو بەڕێوە دەچێت کە بابەت و نێوەڕۆکی ئەمساڵ سەبارەت بە ژینگە بووە. وێنەگرانی سەرتاسەری جیهان بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا کردووە و لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو فێستیڤاڵەداکەوتوونەتە کێبڕکێ.

لەو فێستیڤاڵەدا «سلێمان مەحموودی» وێنەگری خەڵکی «سەقز» بە ناردنی کۆمەڵێک وێنە، توانیی نازناوی یەکەمی ئەو فێستیڤاڵە بۆخۆی مسۆگەر بکات.

بەپێی بڵاوکراوەی هەواڵدەرییەکان، کێبڕکێی وێنەگریی «HIPA» بە خەڵاتی ٤٥٠ هەزار دۆلار، یەکێک لە گرانترین خەڵاتەکانی وێنەگری کێبڕکێی نێونەتەوەیی ئەم بوارە بە ئەژمار دێت.



### درێژەی پەیف

خەڵك بدرێ تاكوو ژمارەی زیاتری بەدەوری كۆببنەوە.

جارێکی دیکە کە حیزبی دێموکرات یەکگرتنەوە لە ڕیزەکانی دێتەوە ئاراوە، ئەم یەکگرتنەوە دەبێ ببێتە پێکەوەبوونێك کە بە هەموو ئەندامانی چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا بڵێ کە هۆکارەکانی پێکەوەبوونمان ئەوەندە زۆرن کە هیچ بیانوویەك ناتوانێ لۆژیکی لێکدابڕانمان پاساو بۆ بهێنێتەوە. ئێمە لە نێو حیزبێکدا بە سیما و ڕەنگ و حەزی جیاوازەوە، دەتوانین وەها دەفرێك دروست بکەین کە هۆکارە جیاوازەکان نەك هەڕەشەی لێکهەڵبڕانمان نەکەن بەڵکوو ببنە وزەی زیاتر و هاندەری زیاتر بۆ ڕاکێشانی خەڵکی دیکەش بۆ لای ڕیزە پێکەوە گرێدراوەکانمان.

ئێکبوونمان نە بە مانای سڕینەوەی ڕەنگەکان و کپکردنی دەنگەکان، بەڵکوو بۆ بەهێزترکردنی خەباتمان و پتەوکردنی گرێچنی هزری هاوبەش و خولیای هاوئاراستەمانە. جارێکی دیکە مێژوو پێمان دەڵێتەوە کە هیچ لێکترازان و ئینشعابێك لە حیزبی دێموکراتدا سەرکەوتوو نابێ و حیزبی دێموکرات یەکە و کوردستان یەك دێموکراتی دەوێ.

# کەشتیی حیزب لە نێوگەردەلوولی ڕووداوەکانی کۆتایی دەیەی ٨٠ و سەرەتای دەیەی کۆتایی قەرنی بیستەمدا!

## ئاورێک بۆسەر تێکۆشانی حیزب لە دەورەی ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور شەرەفکەندیدا ( ١٤ی ژوئیەی ١٩٨٩-١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢)

**ئیبراهیم لاجانی**

### بەشی یەکەم

لەمێژوودا جاری وایە ساڵێک بەقەدەر سەدەیەک بایەخ و گرنگی هەیە. پێم وایە ئەو دووساڵ و چەند مانگەی نێوان ژوئیەی ١٩٨٩ و سێپتامبری ١٩٩٢ش لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بایەخێکی گرنگ و مێژوویی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێویستە نەوەی نوێی کوردستان باشتر لێی ئاگاداربن.

ئەو قۆناخە لە مێژووی حیزب و بزووتنەوەکەمان، چ لە ئاستی حیزب و چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی ناوچە و تەنانەت دونیاشدا، دەورانێکی پڕکارەسات و ئاڵوگۆڕ بوو. هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەش شوێنەوار و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر خەبات و تێکۆشان و چالاکییەکانی حیزب هەبوو. هەربۆیە ئەو قۆناخە بە قۆناخێکی گرنگ لە مێژووی حیزب دادەنرێ. ئەوکات دەورانی گێژەڵووکە و بوومەلەرزە سیاسییەکان بوو. بۆ وەڵامدانەوە بە ڕووداوەکان و دیاریکردنی ڕێگا و سەردەرکرن و دەربازبوون و مانەوە، حیزب دەبوایە لەنێوخۆیدا، لە ئاستی ئێران و کوردستانی ئێراندا، لە ئاستی کوردستانی عێراق و تەنانەت دونیاشدا ئاڵوگۆڕ و هەڵوێست و بەخۆداچوونەوە و خۆڕێکخستنەوەی هەبوایە. دەبوایە سەرلەنوێ خۆی ڕێکخستبایەوە، خۆی بەیان کردبایەوە، جارێکی دیکە ڕامابا و بیری کردباوە و سەرلەنوێ ڕوانگەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە و مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا دەسنیشان کردبانەوە.

لە ئاستی دونیادا تازە بەرەبەرە شەڕی سارد کۆتایی دەهات. سوسیالیزمی مەوجود لە بنبەستی تەواودا بوو و هەناسەی لێبڕابوو. لەئاستی نێونەتەوەییدا بۆیەکەم جار پاش شەڕی دووهەمی جیهانی وەزعێک پێکهاتبوو، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر ئازادی کردەوەی هەبێ. ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە لەوبارەوە ڕووسیە و ئەمریکا بۆیەکەمجار بوو پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدا پێکەوە هاوکاریان دەکرد.

بەبنبەست گەیشتنی سۆسیالیزمی مەوجوود و شکانی ئەو ئەزموونە، بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستییەکانی ئێران و کوردستان و جیهاندا. حیزبیش کە حیزبێکی میللی و دێموکراتیک بوو و لەبەرنامەکەیدا سۆسیالیزم وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری کرابوو، کەوتە ژێر شوێنەواری ئەو قەیرانە و دەبوایە جارێکی دیکە لەوبارەوە خۆی ساخ بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ئاکامی لەبەریەکهەڵوەشانی وڵاتانی سۆسیالیستی، وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤیا، چیکوسلۆڤاکیا و هتد و هەروەها بەهۆی ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکان لەو وڵاتانەدا و لە زۆر ناوچەی دیکەی دونیادا، دێموکراسی لەحاڵی گەشەو پەرەسەندنێکی بێوێنەدا بوو. تەنانەت باس لەوە دەکرا کە سەرەتای کۆتایی مێژوو دەستی پێکردووە و دێموکراسی و لیبرالیزم ئیدی چارەنووسی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا ئینسانییەکانن. میللەتانی ژێردەسەڵاتی سۆڤییەت یەک بەدوای یەکدا ئازادی خۆیانیان وەدەست دەهێنایەوە. گەلانی بندەست لەو وڵاتانەدا و بە کەڵکوەرگرتن لەو وەزعە لە هەموو دونیادا، داوای ئازادی و مافی نەتەوایەتی و حەقی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان دەکرد. مەسەلەی نەتەوایەتی جارێکی دیکە زەق ببوویەوە و کەوتە سەر زاروزمانان. ئەو مەسەلەیە لە شۆرای ئورووپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کەوتە نێو ئەجێندای کاری سیاسی و پاشان بوو بە یەکێک لە مەسەلە گەرمەکانی دونیا. لەهەموو دونیادا گەلانی چەوساوە و ژێرچەپۆکە دەنگی هاوار و ناڕەزایەتی خۆیانیان بەرزکردەوە و دەرفەتێکی لەبار بۆ هەناسەکێشانی بزووتنەوە ئازادیخوازە میللی و نیشتمانییەکان پێکهات.

هەر ئەو دەورەیە دەورەی سەرهەڵدان و وەڕێکەوتنی ئەو قۆناخەشە کە ئێستا پێی دەوترێ گلۆبالیزاسیۆن، واتە بەجیهانیبوون، کرانەوەی سنوورەکان، هاتووچۆی ئاسانی کاڵا و هێزی کار و سەرمایە و زانیاری و تێکنۆلۆژی، خێرابوونی هاتووچۆ و کەمبوونەوەی مەوداکان و بەجیهانیبوونی بازاڕ.

پرۆسەیەکی دیکەش هەر لەو دەورەیەدا دەستی پێکرد کە پێی دەوترا پرۆسەی ئاشتی. لە سەرتاسەری ئاسیاو ئەفریقا و ئوسلۆ مۆر کرا. بەهۆی گرنگی و بایەخی سیاسیی ئەو وتووێژانە یاسر عەرەفات و شەمعون ئەمریکای لاتیندا، بەرەبەرە ئاشتی جێگای شەڕی دەگرتەوە. لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە دەیان ساڵ بوو خەڵک بەدەست شەڕ و کێشە و ململانێ چەکدارییەکانەوە گیرۆدە بوون، بەرەبەرە بە ئیبتیکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وتوویژ و دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان دەستی پێکردبوو. ئەوە یەکێک لە ئاکامەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بوو.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا ئاڵوگۆڕی گەورە خەریک بوو پێک دەهاتن. فەلەستین و ئیسراییل لە حاڵی دیالۆگ و وتووێژدا بوون کە پاش ساڵێک لەئاکامی ئەو وتووێژانەدا ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆ مۆر کرا و عەرەفات و شەمعون پریز خەڵاتی ئاشتی نۆبێلیان وەرگرت.

لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ئێران و عێراق ڕاستە ڕاگیرابوو، بەڵام هێشتا ئەو دوو وڵاتە لەسەر هیچ کام لە گرێوکێشەکانی نێوانیان ڕێکنەکەوتبوون. تەنیا بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ کرابوو بەڵام ئاکامەکانی کۆتایی ئەو شەڕە لە کورد بەگشتی و حیزبی ئێمە و چۆنیەتی هەڵسووڕانی سیاسی ئێمە هێشتا بەڕوونی دەرنەکەوتبوون یا دەتوانین بڵێین پێشبینی نەدەکران یا بۆ حیزب زۆر ڕوون نەبوون. بنکەکانی ئێمە لە شاخە سەخت و ستراتیژییەکانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و عێراق جێگیربوون، ناوچەیەک کە بە درێژایی مێژوو هیچ کات داگیرکەرانی کوردستان نەیانتوانیوە دەسەڵاتی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن و هەمیشە لەدەست کورددا بووە. هەروەها چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەشمان هەروەک جاران تا ڕادەیەکی زۆر دەچووەپێش.

لەجەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بوو کە عێراق پەلاماری کوەیتی دا. ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی کەنداو. شەڕێک کە بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی و بە ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادکردنی کوەیت لە ٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ دەستی پێکرد و تا ٢٨ی فێبریوەری ١٩٩١ درێژەی کێشا. لە ژێر پاڵەپەستۆی نیزامی و سیاسیدا پاش ماوەیەکی کەم عێراق ناچار بوو بکشێتەوە. ئەو کشانەوەیە بووە سەرەتای شکستێکی سیاسی و نیزامی گەورە بۆ عێراق. لە ئاکامی هەلومەرجی تازەدا، دەوڵەتی عێراق تارادەیەکی زۆر دەسەڵات و توانای کۆنترۆڵکردنی وڵاتی لەدەست دا یا ئیدی نەیدەتوانی وەک ڕابردوو دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

بەوجۆرە شۆڕشی شیعەکان کە زۆرایەتی حەشیمەتی عێراقیان لە ناوەڕاست و باشووری ئەو وڵاتە پێکدەهێنا دەستی پێکرد، لە کوردستانیش ڕاپەرینی جەماوەری و ناڕەزایەتی پەرەیان ئەستاند. لەئاکامدا جەیشی عێراقی پەلاماری باشوور و کوردستانی دا و وەک هەمیشە دەستی دایە سەرکوتی خەڵکی ڕاپەریو. لە ئاکامی هێرش و پەلاماری سوپای عێراق بۆ کوردستان کۆڕەوە مێژووییەکەی کوردەکان دەستی پێکرد و بووە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. دواتر بەهۆی فشاری بیروڕای گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناوچەی دژەفڕینی لە باکووری مەداری ٣٦ ڕاگەیاند. بەگوێرەی ئەو بڕیارە سوپای عێراق ئیدی نەیدەتوانی بەکەیفی خۆی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی لە کوردستان وەک پێشوو بەڕێوە بەرێ. هەموو ئەوانە هەلومەجێکی تازەیان خوڵقاندبوو کە شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆی لەسەر وەزعی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و تەنانەت وەزعی ئێمە و خەبات و تێکۆشانی ئێمەش دادەنا.

حیزب دەبوایە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەرەی کوردستانی، پارتی و یەکیەتی و تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دەبوایە سەبارەت بە چۆنیەتی چالاکی هێزی پێشمەرگە و کاری سیاسی و تەشکیلاتی و مەوقعیەتی بنکەوبارەگاکانمان لەناوچە سنوورییەکان پێداچوونەوە بکەین و ئارایشی تازە بەخۆوە بگرین. هەموو ئەوانە کارێکی حەکیمانە بوون و پێویستیان بە سیاسەت و تاکتیک و یارییەکی هۆشمەندانە هەبوو.

لە کوردستانی ئێران، ڕێژیم دەرفەتی مانۆڕدانی زۆرتری لەباری سیاسی و نیزامیەوە بۆ خوڵقابوو. دەیەویست ئەو فەزا پڕ لە سەرکوت و خەفەقانە کە لەباری سیاسی و نیزامییەوە سەپاندبووی هێندەی دیکەش توند بکات. بەوجۆرە ئەرکی هەرەگرنگی حیزب لەو دەورەیەدا ئەوەبوو کە ورەو ڕۆحیەی خەبات و بەربەرەکانێ و خۆڕاگری لە نێو خەڵکدا ڕاگرێ و پەرەی پێبدا. چاو و ڕاوی ڕێژیم و تەبلیغاتی دەزگا سیاسی و نیزامییەکانی حکوومەت پووچەڵ بکاتەوە و تا ئەو جێگای ئیمکانی هەیە چالاکی و هەڵسووڕانی پێشمەرگە و تیمە تەشکیلاتییەکانی کۆمیتەکانی حیزب بە جۆرێک درێژەی هەبێت. ئێمە هەوڵمان ئەوەبوو نیشان بدەین کە شەڕی کوردستان شەڕێکی سەربەخۆیە و تەنانەت پاش ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراقیش و تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان هەر درێژەی دەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوە دوو کێشەمان هەبوون کە دەبوایە بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەڵگرین. شەڕی ئێمە یانی حیزب لەگەڵ کۆمەڵە و شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب کە لە کۆنگرەی هەشت جیاببوونەوە و لە ژێرناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر» خەباتی خۆیان دەبردە پێش.

لە ئاستی ئێرانیشدا ئاڵوگۆڕی گەورە خەریک بوو پێک دەهاتن. ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق و ئاکامەکانی لەباری سیاسی و ئابووری و نیزامی و کۆمەڵایەتییەوە، مردنی خومەینی و ئاکامەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی، گۆڕان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ململانێی نەریتخواز و موحافزەکارەکان، دەورانی جووتسالاری خامنەیی و ڕەفسەنجانی، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و وێرانییەکانی شەڕ، دەسپێکردنی دەورانی سازکە و بفرۆشەی ڕەفسەنجانی و کردنەوەی دەرگای بازاڕی ئێران بە ڕووی دونیادا، فرۆشی بەلێشاوی نەوت و هەڵڕژانی دۆلارە نەوتییەکان بۆ نێو کیسەی دارودەستە جیاجیاکانی سەربەدەسەڵاتی ئاخوندی، ئاساییکردنەوەی پێوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و ئاساییکردنەوەی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا جگە لە ئامریکا، پەیڕەوکردنی مۆدێلی چینی بۆ گەشەی ئابووری یانی کرانەوەی ئابووری بەڕووی دونیادا، بەڵام لە ژێر مودیریەتێکی تەکحیزبی و دیکتاتۆریانەو سەرەڕۆیانەدا.

### ئاکامەکانی ئەو وەزعە تازەیە لەسەر وەزعی نێوخۆی ئێران و خەڵک و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان

ڕێژیم لە ڕێگای فرۆشی نەوت و قەرزی دەرەکییەوە توانی ١٥٠ میلیارد دۆلار بێنێتە نێو بازار. ئورووپا لەلایەک تینووی نەوتی هەرزانی ئێران و لەلایەکی دیکەش تەماحی کردبووە بازاڕی ئێران بۆ فرۆشی کاڵا سەنعەتییەکانی خۆی. چڵەپۆپەی ڕیەڵپۆلەتیک و ماکیاولیزمی سیاسی لێرەدا خۆی نیشان دا. قازانجە ئابووری و بازرگانییەکان بەری چاوی دەوڵەتە ئورووپاییەکانی گرتبوو، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و خەفەقان کە لەلایەن ڕێژیمەوە بە توندی بەڕێوە دەچوون، بۆ ئورووپا هیچ بایەخێکیان نەبوو. بەو جۆرە بازاڕ و ڕووحانیەت یەکیان گرت، خامنەیی و ڕەفسەنجانی دەستیان وێکدا، ڕێژیم تەنیا داوای ڕاگرتنی زاهیری ئیسلامی دەکرد و هیچی تر. بەوجۆرە دەورەیەک دەستی پێکرد کە بە دەورانی سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و پەرەسەندنی تیرۆر لە دەرەوە دەناسرێتەوە. وەزعی تێکۆشان و بردنەپێشی خەبات لە نێوخۆ و دەرەوە زۆر سەخت و دژوار بوو. لە نێوخۆ و دەرەوە و تەنانەت لە کوردستانیش کەفوکوڵی خەبات بەرەو لاوازی و تەنانەت دامرکان دەڕۆیشت. لە نێوخۆی ئێران و کوردستانیش و تەنانەت لە دەرێش زۆرتر خەڵک پەنایان بۆ کاری فەرهەنگی و ژێرزەوینی دەبرد. وەک باسمان کرد چەپی ئێران لە نێو قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتی و ئایدیۆلۆژیدا خەریکی لینگەفرتێ بوو. حیزبی توودە لەباری تەشکیلاتییەوە ئاداری بەسەر پاداریەوە نەمابوو، لەباری سیاسییەوە تەواو بێ ئیعتیبار ببوو و لەباری فکریشەوە ژێرپێی هەڵتەکابوو. فیداییەکان سەرگەردان بوون، لەباری فکری و تەشکیلاتییەوە گیرۆدەی فیرقەگەرایی و سێکتاریزمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک بوون کە تەنانەت نەیاندەتوانی ڕێگای خۆشیان بۆ مانەوە و نقوم نەبوون دەستنیشان بکەن. موجاهیدین تاسابوون، تووشی زەبری قورسی نیزامی ببوون، کەوتبوونە بنبەستی سیاسی، لەباری سیاسییەوە پاش ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بێدەرەتان دەهاتنە بەرچاو. سەڵتەنەتخوازەکان لاواز و بێ ئومێد بوون، ئەوان پێیان وابوو لە ئاکامی شەڕی ئێران و عێراقدا ڕێژیم دەڕووخێ و دەچنەوە سەر مەقام و پۆست و مڵک و ماڵی جارانی خۆیان، کەچی ڕاوەستانی شەڕ ئەو ئومێدەی لێئەستاندن و لەباری سیاسی و تەشکیلاتیشەوە هێندەی دیکەش پرشوبڵاو بوون. تەنانەت ئۆمێدیان بە ڕۆژاوا و ئەمریکاش لەدەست دا.

جەبهەی میللی و کۆماریخوازەکان و میللیگەراکانیش بەشێکیان پێیان وابوو کە دەکرێ ڕێژیم لەنێوخۆدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. بەشێکیان نیەتی هاوکاریان لەگەڵ ڕێژیم هەبوو، بەشێکیشیان حەیران و مات ببوون و دەستیان لەخۆیان بەردابۆوە. بەشێک لەوان چوونەپێشی وەزعی کوردستانی عێراق، دامەزرانی پارلمانی کوردستان و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆقاندنی، ئیدی مەسەلەی دابەشبوونی ئێران بوو بە خەمی گەورەیان تا مەسەلەی خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. خەمی گەورەیان بریتی بوو لە باڵکانیزەبوونی ئێران. بەو جۆرە حیزب و بزووتنەوەی کورد ئەگەر لەلایەک دەبوایە وەک هەمیشە لەبەرانبەر سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەبوایە لەباری فکری و تیئۆریکیشەوە لەبەرانبەر ئەو شەپۆلە تازەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا کە ڕووی هێرشەکەی لە کورد و کوردستان بوو ئاڵای بەربەرەکانی بەرزکاتەوە.

لە ئاستی حیزبی دێموکراتیشدا ئاڵوگۆڕی گەورە لەئارادابوون. پاش شەهیدبوونی شەهید دوکتور قاسملوو، لەڕاستیدا پاش کۆنگرەی سێهەمی حیزب یەکەم جاربوو حیزب سکرتێری خۆی دەگۆڕی. شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ئاسەواری زۆری سیاسی و تەشکیلاتی لەسەر وەزعی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب و تەنانەت لەسەر بزووتنەوەی کوردستانیش هەبوون. لەلایەکی دیکەوە جموجۆڵ و تێکۆشانی حیزب دەبوایە سەرلەنوێ ڕێک بخرێتەوە، هەر لەو سەروبەندەدا دەوڵەتی عێراق بۆ ئیمتیازدان بە ئێران پەیتاپەیتا فشاری دەخستە سەر حیزب کە ناوچە سنوورییەکان چۆڵ بکات. لەلایەکی دیکەشەوە داوای ئەوەبوو کە جموجۆڵی پێشمەرگە لەو ناوچە سنوورییانەوە بۆ ناوخۆی وڵات ڕاگیرێ. شایانی باسە هەر لەو سەروبەندەشدا بوو کە بەو بۆشایی دەسەڵاتەی کە پاش کشانەوەی دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا هاتبووە پێش، ڕایەڵکەکانی تێرۆر و ڕەشەکوژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق زۆر چالاک و بڵاوببونەوە. ئەو مەسەلانە پێوەندییەکانی حیزبیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، تووشی گیروگرفت کردبوو. ئەو ئەرکانەی لەو بارەوە فەوری بوون وەک باسمان کرد بریتی بوون لە ڕاگرتنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق، چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانمان لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێبەرایەتی، پتەوکردنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، سازماندانەوەی ڕێبەرایەتی حیزب و کادری ڕێبەریی کۆمیتەو تەشکیلاتەکانمان و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و درێژەدان بەکار و خەبات و سووربوون لەسەر بردنەپێشی تێکۆشان، زاڵبوون بەسەر کێشەو گرفتەکانی نێو حیزب و هەروەها پێوەندی درووستکردنەوە لەگەڵ دۆستە ڕۆژاواییەکانی حیزب و بزووتنەوەی کورد.

بۆ وەڵامدانەوە بەو وەزعە حیزب و ڕێبەریی حیزب دەبوایە چ بکات؟ دەبوایە چ هەڵوێست و کاروکردەوە و ڕەفتارێک لەخۆی نیشان بدات؟

### حیزبی دێموکرات

شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو شوێنەوارێکی زۆری لەسەر حیزب هەبوو، ئاخر دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسی و تەشکیلاتی گەورەو ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو، هەربۆیە پڕکردنەوەی جێگای ئەو بەڕاستی لە نێوخۆی حیزب و ڕێبەری حیزبدا کارێکی سەخت و دژوار بوو. بەوحاڵەش حیزب لە یەکەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، بە تێکڕای دەنگ دوکتور سەعیدی وەک سکرتێری حیزب هەڵبژارد. کاک سەعید ساڵانێکی زۆر بوو لە ڕێبەرایەتی حیزبدا کار و بەرپرسایەتی بەڕێوە دەبرد. هەمیشە یەکێک لە داڕێژەرانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو،بەڵام لە ژێر سێبەری دوکتور قاسملوودا توانایی و لێوەشاوەییەکانی زۆر دەرنەدەکەوتن. هەربۆیە زوو سوکانی ڕێبەرایەتی حیزبی گرتەدەست. لە بیرمە کاک سەعید پاش هەڵبژێرانی گوتی: «سوپاستان دەکەم کە دەنگی متمانەتان پێدام، دانیشتن لە جێگای پێشەوا و دوکتور قاسملوو شانازییە بۆ من، بەڵام لەبیرتان بێت بەهۆی گۆڕان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا، من لە هەلومەرجێکدا مەسئولیەتی حیزب وەئەستۆ دەگرم کە ئاستی تێکۆشانی حیزب ڕەنگە بەرەو خوارەوە بڕوا، ئەوە لە مێژوودا ڕەنگە بەسەرمدا بشکێتەوە، بەڵام چوونکە حیزب و ئەو قۆناخەی خەبات ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانم، بە هەموو توانا و تەعەهود و بە پشتیوانی ئێوە شانی وەبەر دەدەم.»

دیارە لە کاتی قسەکردن لەسەر شەهیدبوونی کاک دوکتوریش لە وتارەکەیدا گوتی ئێمە ئەو ڕێگایە

درێژە لە لاپەڕەی ٥

**درێژەی لاپەڕەی ٤**

بەرنادەین یا سەردەکەوین یا دێینە کەنار تۆ و شانازی شەهیدبوون لە ڕێگای کوردستانماندا پێدەبڕێ.
دەبێ بگوترێ کە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بووە هۆی ئەوەی لەسەرتاسەری کوردستان و ئێران و تەنانەت دونیاشەوە، شەپۆلێکی گەورەی هاودەردی و پشتیوانی و هاوپێوەندی ڕوو لە حیزب بکات. ئەوە ئەودەم و لەو هەلومەرجەدا، شوێنەوارێکی سیاسی و تەشکیلاتی و مەعنەوی و ئەخلاقی زۆری لەسەر هەموو تێکۆشەرانی حیزب دانا و کارێکی کرد کە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب بتوانن خۆیان لەژێرباری ئەو کارەساتە خەمهێنەرەدا ڕاگرن.
لەلایەکی دیکەشەوە وەحدەتی زیاتری سیاسی و تەشکیلاتی نێوخۆی حیزبی پتەوتر کرد و کێشە نێوخۆییەکانی تاڕادەیەکی زۆر خەواندن. دیارە زۆری نەکێشا سەرلەنوێ بەجۆرێکی دیکە خۆیان نیشان دایەوە.
حیزب و ڕێبەری حیزب لەوبارەوە زوو هەموو ئەو ئیقداماتانەیان بەڕێوەبردن کە دەبوایە بەڕێوە ببردرێن و پێویست بوون. وەک سازماندانەوەی حیزب، دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتییەکان، وەک باسم کرد هەڵبژاردنی سکرتێر و جێگری سکرتێر و ئەندامێکی تازە بۆ دەفتەری سیاسی،کە بریتی بوو لە شەهید کاک سەلامی عەزیزی، ڕێکخستنەوەی هێز و کۆمیتەشارستان و تەشکیلاتەکان لە نێوخۆی وڵات، ساخبوونەوە لەسەر ئیدامەکاری و درێژەدان بە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە، کاری دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن، دڵنیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەوە کە پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملووش خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستان هەروا دەڕۆنە پێش و ئاڵای ئەو خەباتە هەر بە شەکاوەیی دەمێنێتەوە، دامەزراندنی کۆمیتەی ئەمنیەت بۆ پاراستنی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لەبەرانبەر پیلان و نەخشەگڵاوەکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، پێکهێنانی کۆمیتەی ئاموزش و پەروەردە بۆ بارهێنانی کادری سیاسی و تەشکیلاتی و تێکۆشەرانی حیزب تا بتوانن لە هەموو هەلومەرجێکدا کاری حیزب و بزووتنەوە بەرنەپێش و لەهەموو بوارەکاندا لە داهاتوودا بتوانن ڕێبەرایەتی حیزب وەئەستۆ بگرن.
هەر لەو قۆناخەدا حیزب توانی بە شێوەیەکی حەکیمانە کاناڵێک لەگەڵ کۆمەڵە بۆ قسەو باس بکاتەوە، پاش ئەوەی کە بنکەکانی کۆمەڵە لە دۆڵەڕەقە کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکەکانی عێراق، کاک سەعید لە ڕێگای بێسیمەوە بۆخۆی هاودەردی حیزب و ڕێبەری حیزبی پێ ڕاگەیاندن. ئەوە بووە سەرەتای کرانەوەی دەرگایەک بۆ باس لە کێشەکانی نێوانمان، پاش سەردانی کاک سەعید بۆ بەغدا لەوێ عێراقییەکان داوای لێدەکەن کە ئەوان لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا ناوبژیوانی بکەن و دیداریان بۆ پێک بهێنن، کاک سەعید بەپێی سوننەتەکانی حیزب کە ڕازی نابێت ئەوان بەوکارە هەڵسن، دەڵێ من پرسم بەڕێبەرایەتی حیزب نەکردووە دەبێ ڕێبەری حیزب کۆبێتەوە و ئیجازەی کارێکی ئاوا بدەن، بەوجۆرە وەڵامی نەرێنی بە عێراقییەکان دەداتەوە و مەبەستیشی تەنیا ئەوە بوو ئەو کێشەیە لە کوردستان چارەسەر بکرێ. دوای گەڕانەوەی هەر زوو بێ ئەوەی پێویست بێ کەس دەخالەت بکات، ڕێبەری حیزب ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و کۆتایی بە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە هێنا.
ڕاگەیەندراوەکە بە دەنگی من لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە، ئیدی بەرەبەرە پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵە بەرەو ئاساییبوون چوونەوە و بەخۆشییەوە ئێستا دوو هێزی هاوپەیمانین.
لە پێوەندی لەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیشدا هەروا، کاک سەعید زۆری هەوڵ دا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چەند جار هەڵکەوت لەگەڵ کاک جەلیل گادانی پێکەوە دانیشن، بەڵام هەمیشە کەندوکۆسپیان بۆ کاک جەلیل درووست دەکرد. سەرەنجام ڕێبەری حیزب بە ئیبتیکاری کاک سەعید لە ڕاگەیەندراوێکدا کۆتایی بەشەڕی نێوان حیزب و ئەوانیش هێنا.
مەبەست لەهەموو ئەوکارانە بریتی بوو لە تەیارکردنەوەی حیزب و بەهێزکردنەوەی حیزب بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی بەرانبەر کۆماری ئیسلامی، یانی مەبەستی سەرەکی لەو کارانە و لەو هەنگاوانە هەموو بریتی بوو لە وەڵامدانەوە بەو ئەرکانەی لەو قۆناخەدا کەوتبوونە سەرشانی حیزب.



### عێراق

دوای ڕێککەوتنی عێراق و ئێران فشاری دەوڵەتی عێراق بۆسەر حیزب دەستی پێکرد. بەتایبەتی دەوڵەتی عێراق لەسەر داوای ئێران پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ لە ناوچە سنوورییەکان نەمێنین. بنکەی دەفتەری سیاسی ڕاگوێزرێ، هاتوچۆی سیاسی و تەشکیلاتیمان نەمێنێ.
حیزب بەهەموو تواناوە هەوڵی دا تەسلیمی ئەو داخوازە نەبێت. لەو بارەوە کاک سەعید هەمیشە ڕادەوەستا و مقاومەتێکی زۆری لەخۆی نیشان دەدا و وەختی دەکرێ و هەرجارەو بەجۆرێک ڕازی دەکردن و بەڕێی دەکردنەوە.
لەبەرانبەردا ئێمە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خۆمانمان لە عێراق هێنابووە خوار، تاڕادەیەکی زۆر لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستابووین و هیچ داواکارییەکمان لێیان نەبوو.
بۆ حیزب ئەوە گرنگ بوو نەبینە قوربانی و مایەی ساتوسەودای نێوان عێراق و ئێران. بە دەستپێکردنی شەڕی عێراق و کوەیت عێراق کەوتە ژێر فشارێکی زۆرتر و هەوڵی دەدا تادەکرێ دڵی ئێران لەخۆی ڕازی بکات؛ بۆیە ئامادەیی تێدابوو ئیمتیازاتی زۆرتر بداتە ئێران تا فشاری ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەسەر کەمتر بێتەوە. داخوازی بەغدا لە حیزب چۆڵکردنی بنکە سنوورییەکانمان بوو، بەڵام وەک هەمیشە حیزب و بەتایبەت کاک سەعید قورس و قایم ڕاوەستا و تەسلیمی ئەو داخوازە نەبوو. بۆ ئەو مەبەستە چەندجار هەیئەتی حکوومەت دەهاتە دەفتەری سیاسی بەڵام کاک سەعید هەموو جارێ بە جۆرێک ڕەوانەی دەکردنەوە.
بەو جۆرە حیزب توانی خۆی لەژێر ئەو فشار و پالەپەستۆیانەدا ڕابگرێ. مانەوەی دەفتەری سیاسی لە جێگای خۆی و ڕاوەستان لەبەرانبەر داخوازییەکانی دەوڵەتی عێراق ئەودەم سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەبوو بۆ حیزب و بزووتنەوە. ئەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەردەوامی کار و چالاکییەکانی حیزب و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەی حیزب لە نێوخۆی کوردستاندا هەبوو.

### کوردستانی عێراق

بە دەسپێکردنی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق، حیزب هەڵوێستی ئەوەبوو کە لەباری سیاسی و مەعنەوییەوە پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە بکات، لەباری مادی و ئیمکاناتەوە ئەگەر ڕێبەرایەتی کورد پێداویستییەکی هەبێت و لەتوانای حیزبدا بێت بەپێی ئیمکان بۆیان دابین بکات، تەنانەت لەهەندێک شوێن کادر و تێکۆشەرانی حیزبیش لەگەڵ ئاپۆڕای خەڵک لە ڕاپەڕینی جەماوری نێوشارەکاندا بەشداریان کردبوو، بەڵام لەباری عەمەلییەوە ئێمە دەخالەتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی نەکەین. لەوبارەوە لەباری مادی و تەداروکاتییەوە حیزب هاوکاری سەرکردایەتی کوردی دەکرد، ئەوان ئەودەم لە تەنگانەدا بوون، هەموو کوردستان ئازاد ببوو، ئەو هەموو ئیمکاناتەی جەیشی عێراقی کەوتبووە دەستی خەڵک بەڵام یەکیەتی و پارتی و بەرەی کوردستانی و حیزبی شیوعی وەک تەشکیلات لەڕاستیدا هیچیان نەبوو، لەدەورووبەری کورکوک بوون داوایان کرد کە فیشەکمان نییە و پێویستیمان بە فیشەکە، حیزب لە ئەمبارەکانی خۆی فیشەک و تەقەمەنی پێویستی بۆ دابین کردن. ئێوارەکەی کە کەرکوک ئازادکرا، کاک سەعیدێک کە لەگەل بەخەسارچوونی گوللەیەک و نانێکی شۆڕش ڕۆحی دەهاتە سەر دەم، تەقەی هەوایی کرد، گوتی هەموومان بەجێیە ئەوڕۆ جەژن بگرین، لە سێسەد ساڵی ڕابردوودا، ئەوەیەکەم جارە کەرکوک بەدەست کورد واتە خۆمانەوەیە.

### پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق

بەداخەوە لە ئاکامی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە نێوخۆی وڵات شەڕ و کێشەیەکی نەخوازراو لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی ئێمەدا دروووست بوو. ئەو شەڕە بۆ هیچ کام لە دوولایەنی شەڕەکە و بۆ میللەتەکەشمان لە هەردوو دیوی کوردستان نارەحەتی زۆر لەگەڵ بوو، هەر لە سەرەتاوە ڕێبەری کورد و دۆستانی حیزب و پارتی هەوڵیان دا ئاگری ئەو شەڕە خەفە بکەن و ڕێبەریی حیزبیش بۆ ئەو مەبەستە زۆر بەپەرۆش بوو. بەخۆشییەوە لەو ساڵانەی دواییدا بەکردەوە شەڕەکە ڕاوەستابوو، لە زۆرشوێنیش پێشمەرگەکانی حیزب و پارتی کە دەگەینە یەکتر هیچ کێشەیەکیان پێکەوە نەبوو، لە زۆر شوێنیش لە تەنگانە و کاتی پێویستدا هاوکاری یەکتریشیان دەکرد، لەو بارەوە زۆر نموونە هەن کە شایانی ڕێزلێگرتنن. بەوحاڵەش بەڕەسمی هێشتا حیزب و پارتی کۆتاییان بەو کێشەیە نەهینابوو.
کاک دوکتور قاسملوو لە پلینۆمی پێش شەهیدبوونیدا، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی باسی دیداری نێوان خۆی و کاک مەسعودی لە سوئێد لە پەراوێزی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کرد. ناوبراو ئەو دیدارەی بەرزنرخاند و گوتی ئێمە لەسەر کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوانمان ڕێککەوتوین و لەوەش زیاتر دەتوانین بۆ هاوکاری و هاوپێوەندیش ئەگەر بزووتنەوەی کورد بکەوێتە ژێر فشاری دەوڵەتەکان، حیساب لەسەر یەکتر بکەین بەڵام ئەو مەسەلەمان بە میدیایی نەکردووە بۆ ئەوەی حەساسیەتی دوژمنان نەوروژێنین. لەوێ من داوام لە کاک مەسعود بارزانی کرد کە با بەیاننامەیەک دەرکەین و ئەو دیدار و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەمان بە بیروڕای گشتی و خەڵکی کوردستان ڕاگەیەنین بەڵام کاک مەسعود گوتویەتی پێویست نییە و کارێکی ئاوا دوژمنانی میللەتەکەمان تەحریک دەکات. ئەوە یەکەمین جار بوو ڕاستەوخۆ پارتی و حیزب لەئاستی هەرەسەرەوەدا پێکەوە دادەنیشتن.
بەڵام لەکردەوەدا ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنە هێشتا دانەبەزیبووە نێو جەماوەری حیزب و بەدەنە و نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا سەردانی کاک مەسعود و کاک نێچیر بۆ دەفتەری سیاسی حیزب لە بۆڵێ. بە کردەوە ئەو سەردانە توانی دڕدۆنگییەکان بڕەوێنێتەوە و لاپەڕەیەکی تازە لە پێوەندییەکانی نێوان حیزب و پارتی دێموکراتی کوردستان بکاتەوە. کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو، ڕێبەریی حیزب بەڕاستی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نەبوو. چوونکە هێشتا وەزعی کوردستانی عێراق هیچ سەقامگیرییەکی پێوە دیار نەبوو، دوورەدیمەنێکی ڕوون لەئارادا نەبوو، پارتی و کوردەکانی عێراق هێشتاش هێندەیان توانا و دەسەڵات پەیدا نەکردبوو کە بتوانن لەبەرانبەر فشاری ئێراندا خۆڕاگرن. کاک سەعید پاش بەخێرهێنان و بەرزنرخاندنی کاک مەسعود و وەفدی پارتی گوتی باشە ئاخر سەردانی ئێوە ئاوا بە ئاشکرا بۆ لای ئێمە کێشەتان بۆ سازناکات لە تاران، کاک مەسعود لە وڵامدا گوتی سەردانی ئێوە و دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات نەک هەر کێشەمان بۆ سازناکات بەڵکوو لە تارانیش پرەستیژ و بایەخی سیاسی ئێمە زیاتر دەکات. جگەلەوەش پێم خۆشە لێرە ڕابگەیەنم کە ئێمە تازە هاتووینەتەوە سەرخاک و نیشتیمانی وڵات و باوک و باپیرانی خۆمان، جارێکی دیکە ئێمە لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕوو لە ئێران ناکەینەوە، تەنانەت ڕەنگە ڕووبکەینە بەغدا بەڵام قەت تازە ڕوو لە ئێران ناکەینەوە. ئەو کۆبوونەوە زۆر پۆزەتیڤ بوو، لە کۆتاییدا کاک سەعید داوای لەکاک مەسعود کرد کە زۆر بەداخەوە هەندێک شەڕ و نێوان ناخۆشی لە بەینی حیزبی ئێمە و پارتیدا لە ڕابردوودا ڕوویان داوە کە بۆ هەموولایەک و بۆ خەڵکی کوردستان ناخۆش و کارەساتبارن. بۆ نموونە هەر ئێستا هاوڕێی وامان لێرە هەیە کە ئەندامی ڕێبەری حیزبە و باوکی وی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش لە کاتی خۆیدا تەسلیم بە ڕێژیمی شا کراوەتەوە و لەگەڵ چەندین هاوڕێی لە جەڵدیان ئێعدام کراون، بۆیە پێویستە بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاوبکەینەوە، فرسەتێکی باشە کە بە ڕەسمی کۆتایی بەو نێوان ناخۆشیانە بێنین و کارێکی ئاوا شوێنەواری سیاسی باشی لەسەر وەزعی کوردستان دەبێت. کاک مەسعود لەوڵامی کاک سەعیددا گوتی مەبەستی من لەوسەردانەی ئەوجار تەنیا سەردان و دیداری ئێوە و ڕێبەرایەتی حیزبە، من خۆم و پارتی بە دوژمنی حیزبی دێموکرات نازانم و هەر بۆیەش بێ دەمانچەش هاتووم. گفتت دەدەمێ دەرفەتی ئەوەش دێ کە ئەو کارەش بکەین و ئەو بەیاننامەیەش لەکاتی خۆیدا بڵاو بکەینەوە. بەو جۆرە بەخۆشییەوە پێوەندیەکانی نێوان پارتی و حیزبی دێموکرات ئیدی بەرەبەرە لە کردەوەشدا ئاسایی بوونەوە.
ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە و هاوبەشی هەردوولایە و بۆ ئەوە دەبێ دەرس و ئەزموونی لێوەرگیرێ و هەرگیز ڕێگا نەدرێ جارێکی دیکە لە پێوەندییەکانی نێوان حیزب و پارتی و هێزە کورستانییەکانی دیکەدا دووبارە ببێتەوە.
وەک باسمان کرد وەزعی تازەی کوردستانی عێراق ئەگەر لەلایەک گەلێک دەرفەتی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنابوونە پێش، لەلایەکی دیکەش گەلێک شتی نەرێنیشی هێنابوونە کایەوە. هەرچەند بەرەی کوردستانی هەبوو و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەنێویدا بوون، بەڵام کێشەو ململانێی نێوان پارتی و یەکیەتی مەیدانی بۆ دوژمنانی کورد بەتایبەت کۆماری ئیسلامی بۆ سازکردنی نائەمنی و ئاژاوەنانەوە پێکهێنابوو.
هەموو هەوڵی حیزب لەوبارەوە ئەوەبوو کە یەکیەتی و پارتی هان بدات پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوبەش و بە ئاشتی کێشەکانیان مودیریەت بکەن و ئەگەر بکرێ هەڵبژاردنێک بەڕێوەبەرن و حکومەتێک بۆ ئیدارەی کاروباری ناوچە ئازادکراوەکان دامەزرێنن، کاک سەعید لە دیدار و چاوپێککەوتنەکانیدا لەگەڵ ڕێبەرایەتی پارتی و یەکیەتی هەمیشە پێی لەسەر زەرووڕەتی ئەو کارە دادەگرت. بەخۆشییەوە سەرەنجام هەڵبژاردنی پارلمانی کرا و یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات. ڕاست لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی دەستی کردە پیلانگێڕان بەدژی حیزب و بزووتنەوە، شەبەکەیەکی بەرینی بۆ تیرۆری ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە کوردستانی عێراق دامەزراند، تەقاندنەوەی مینوبوس و ماشینەکانی دیکەی حیزب لەکاتی هاتووچۆیان، نائەمنکردنی ڕێگاکانی دەورووبەری بنکەوبارەگاکانی حیزب، بەشێک لەو پیلانە بوون.
وەک باسم کرد هەر بۆ وەڵامدانەوە بەو وەزعەش بوو کە حیزب کۆمیتەی ئەمنیەتی پێکهێنا.
کۆماری ئیسلامی هەربەوەش ڕانەوەستا و فشاری خستە سەر یەکیەتی و پارتی تا حیزب شوێنی بنکەو بارەگاکانی چۆڵ بکات و لەو پێوەندییەدا بەسەدان پیلانی جۆراوجۆری وەڕێخستن؛ بەڵام حیزب بە هیچ جۆر نەچووە ژێر ئەو داخوازە. ڕێبەریی حیزب ڕایگەیاند کە حیزب بەهیچ جۆر ئەو شوێنانە بەجێناهێڵێ و هەروەک ڕابردوو بەڵام بە ئارایشی تازە و گونجاوترەوە درێژە بەکار و خەباتی خۆی دەدا. ڕێژیم دەستی دایە تۆپبارانی بنکەوبارەگاکانی حیزب و ئێزگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. ئەو ڕۆژەی کە کاتیووشاکانی ڕێژیم لە دەورووبەری ئێزگەی ڕادیۆ دەکەوتن، کاک عەسکەر کوردستانی دەچێتە لای کاک سەعید و دەڵێ: «کاکە تۆپ و کاتێوشاکانی ڕێژیم لە دەورووبەری ڕادیۆ دەکەون و دەتەقنەوە». کاک سەعید لەوەڵامی کاک عەسکەردا دەڵێ: «هیچ نییە؛ ڕەنگە ڕۆژێک هێرشیشیمان بکەنە سەر و ئەودەم نارنجوکێک دەخەینە نێو ڕادیۆ و دەیتەقێنینەوە و کلاشێنکۆفەکانمان هەڵدەگرین و وەشاخی دەکەوین».
درێژەی هەیە.....

**ئەو کۆبوونەوە زۆر پۆزەتیڤ بوو، لە کۆتاییدا کاک سەعید داوای لەکاک مەسعود کرد کە زۆر بەداخەوە هەندێک شەڕ و نێوان ناخۆشی لە بەینی حیزبی ئێمە و پارتیدا لە ڕابردوودا ڕوویان داوە کە بۆ هەموولایەک و بۆ خەڵکی کوردستان ناخۆش و کارەساتبارن. بۆ نموونە هەر ئێستا هاوڕێی وامان لێرە هەیە کە ئەندامی ڕێبەری حیزبە و باوکی وی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش لە کاتی خۆیدا تەسلیم بە ڕێژیمی شا کراوەتەوە و لەگەڵ چەندین هاوڕێی لە جەڵدیان ئێعدام کراون، بۆیە پێویستە بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاوبکەینەوە، فرسەتێکی باشە کە بە ڕەسمی کۆتایی بەو نێوان ناخۆشیانە بێنین و کارێکی ئاوا شوێنەواری سیاسی باشی لەسەر وەزعی کوردستان دەبێت. کاک مەسعود لەوڵامی کاک سەعیددا گوتی مەبەستی من لەوسەردانەی ئەوجار تەنیا سەردان و دیداری ئێوە و ڕێبەرایەتی حیزبە، من خۆم و پارتی بە دوژمنی حیزبی دێموکرات نازانم و هەر بۆیەش بێ دەمانچەش هاتووم. گفتت دەدەمێ دەرفەتی ئەوەش دێ کە ئەو کارەش بکەین و ئەو بەیاننامەیەش لەکاتی خۆیدا بڵاو بکەینەوە. بەو جۆرە بەخۆشییەوە پێوەندیەکانی نێوان پارتی و حیزبی دێموکرات ئیدی بەرەبەرە لە کردەوەشدا ئاسایی بوونەوە**

## دیار زاگرۆس

# تاڵان



پژمان شەریعەتی

داگیرکەرانی کوردستان بە بەردەوامی هەوڵی تاڵانکردنی کوردستانیان داوە و هەموو هەوڵیان لەو پێناوەدایە کە بە سەرمایەکانی کوردستان وڵاتە وێرانەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، ئاماژە بە هەر سەرمایەیەکی کوردستان لە بانزەوینی و ژێرزەوینی و ئینسانی بکەین، دەبینین داگیرکەر سەرقاڵی تاڵانییەتی.

لەم ڕۆژانەدا پرسی ناوچەی سووماری سەر بە شاری قەسرشیرین لە پارێزگای کرماشان، بووەتە جێی دڵگرانی زیاتری خەڵکی پارێزگای کرماشان بەو تێبینییەوە کە مەیدانی نەوتی سومار ڕۆژانە ۱۵ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمی هەیە و داهاتەکەی بۆ سوپای پاسدارانە.

لێرەدا پرسی جێی نیگەرانی ئەوەیە کە قەرارگای خاتەمولئەوسیای سەر بە سپای پاسداران دەستی بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرتووە و تەنانەت بە ئیعترافی خۆیان ئەو ناوچەیە زۆر باشتر و پرداهاتترە کە پێشبینیان کردووە؛ لەم ڕاستایەشدا ئەوەیکە ڕوونە و پێشبینیکراو بوو ئەو کەتوارەیە کە هیچ کام لە بەرپرسانی ئەو پرۆژەیە خەڵکی کوردستان نین و لە دەرەوەی کوردستان هاتوون بۆ تاڵانی سەرمایەکانی کوردستان.

بە شێوازێک کە چەند کیلۆمێتر ئەوبەرتر شاری مێژوویی قەسر شیرینە، کە جیا لە مەیدانە نەوتییەکان، دوو سنووری نێونەتەوەیی ترانزیت و بازرگانی هەیە کە لەوێشدا ڕۆژانە چەندین میلیۆن دۆلار تجارەت دەکرێت؛ ئیتر پوتانسییەلی جوتیاری و گەشتیاریش بمێنێتەوە کە ئەگەر وەک پێویست ئاوڕی لێ درابایەوە بەدڵنیاییەوە دەیتوانی ببێتە یەکێک لە جەمسەرەکانی خولقاندنی داهات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو شارە لە هەژارترین شارەکانی کوردستانە و خەڵکی قەسر شیرین لە ئەستەمترین بارودۆخدا ژیان دەکەن.

بۆ نموونە لە مانگی ڕابردوودا بە شەپۆلی خۆڵبارینەکان، قەسرشیرین یەکێک لەو شارانە بوو کە زۆرترین ڕێژەی خۆڵبارینی بوو و هیچ بەرپرسێک تەنانەت سەردانی ئەو ناوچەی نەکرد و دەیان ساڵە نەیانتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر کەن، لە لایەکی دیکەشەوە لە شەڕی ڕێژیمی بەعس و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو شارە بە دەیان جار خاپوور کرا و هەشت ساڵی تەواو لەژێر بومباران بوون و ژیانیان لە ئاوارەیی تێپەڕ کرد، کەچی ئێستایش پاش زیاتر لە سی ساڵ لەو شەڕە هێشتا ئەو شارە ڕەنگ و بوونی بۆمب و وێرانیی پێوە دیارە.

لێرەدا شاری قەسرشیرینمان وەکوو نموونە هێنا و بە دڵنیاییەوە دۆخی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لەو شارە باشتر نییە و بەشی کورد تەنیا لە سەرمایەکانی، ڕەنج و هەژاری و ژینۆساید بووە.

دەگەڕینەوە سەر سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان، دۆخەکە زۆر نالەبارترە و وشککردنی بەئەنقەستی کوردستان دۆخی ژیانی زۆر نالەبار کردووە و وڵاتێک وەکوو کوردستان کە بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی بە وەرزێری ژیان بەڕێوە دەبەن بەرەو ژینۆسایدێکی ژینگەیی دەڕۆن.

کانزاکانی دیکەی سەرتاسەری کوردستانیش هەر لە لوڕستان تا ماکۆ لەبەر چاومان بەرەو ناوەندی ئێران دەڕۆن و بیناکان لەوێ بە سەرمایەی کوردستان بەرزتر دەبنەوە و لە کوردستانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری پەراوێزنشینی و ژیان لە نێو کۆڵان بە بێسەرپەنا زیادتر دەبێت.

پارێزگایەک وەکوو کرماشان کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین پارێزگاکانی کوردستانە، زۆرترین قەیرانی هەیەبەچەشنێک کە وای لێ هاتووە بڵێین هەرچی خاک دەوڵەمەندتر، خەڵک هەژارتر و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە کە حوکمی جیهادی لە دژی کوردستان ڕاگەیاندووە هەتا ئێستا وەکوو بەرەی دژی خودا و کافر دەمانبینن و هەر دەسکەوتێکیان بێت وەکوو غەنیمەتی جەنگی و حەڵاڵ دەیبینن.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت ڕخنە لە خۆمان بگرین کە لە بەرامبەر ئەو تاڵانە بێدەنگین و کەمترین دژکردەوە و بەرگریمان هەیە و ڕۆژانە لە پێش چاوی هەموومان بە دەیان جۆر کەرەستەی هاتووچوو و گواستنەوە، سەرمایە و سامانی کوردستان بە تاڵان دەبەن.

گرفتە ئابوورییەکان بەپێی سیاسەتە فاشیستییەکانی ڕێژیم وای کردووە لە کوردستان کە دەتوانین بە بەردەوامی ئەم ڕێژیمە، وێنایەکی کۆچکردن و مردن لە برسیەتی و قاتوقڕی ببینین، کە ڕەنگە لە فیلمە سینەماییەکاندا تا ئێستا نەمانبینیبێ، ئێستا خۆمان خەریکین ئەزموونی دەکەین و نەسڵەکانی داهاتووی کوردستان لەگەڵ هەزاران کێشەی دیکەیش کە لێکەوتەی ئەم تاڵانکارییانە دەبێت بەرەوڕوو دەبن.

ئێستا ڕۆژانە بە چاوی خۆمان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەواوبوونی کانزاکان و بە تایبەتی ڕووبار و کانییەکانی کوردستان دەبینین و لە ئەگەری بەردەوامبوونی داگیرکاری و دەسەڵاتی نارەوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تەنیا دەتوانین وەکوو بیرەوەری بۆ نەسڵی داهاتووی وڵات باسیان بکەین و بڵێین کاتی خۆی ئێرە مەیدانێکی نەوتی بوو و ئێستا یەک قەترەی نەماوە! کاتی خۆی ئێرە ڕووبارێک بوو و کەشوهەوایەکی خۆشی هەبوو و لە مرۆڤەوە بگرە تا گیانلەبەرەکانی دیکە لێرەدا ژیانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد! کاتی خۆی لەژێر پێت زێڕیان دەر دەهێنا، گاز و ... و هەزاران کاتی خۆیی دیکە!!!.

# دوو تابلۆ و دوو دیمەنی دژواز





**سندووس**

### تابلۆی یەکەم

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی سەرکەوتن و وەدەستخستنی پلەی یەکەمی گۆرانیبێژێکی مێرمنداڵی لوڕ بەناوی «عەلی تولابی»، خۆشحاڵییەکی لەڕادەبەدەری خستە دەروونی ئەو کەسانەی هۆگری بیری نەتەوەیی و گۆرانی و موسیقای کوردی و لوڕین.

کۆماری ئاخوندی لە ماوەی تەمەنیدا هەمیشە هەوڵی داوە باشووری زاگرۆس، لە شوناسی نەتەوەیی پاک بکاتەوە و بەسەرنجدان بە بواری مەزهەبی بۆلای ناوەند ڕاکێشیان بکات و بیری شیعەگەرایی لە ناویاندا زەق بکاتەوە، غافڵ لەوەیکە لەو ناوچەیە چ لوڕ و چ کورد بیری نەتەوەییان بەرز بۆتەوە و ئەو چەند ساڵەی هەوڵی ئاسمیلەکردنی ئەو ناوچە گرینگانەی زاگرۆسی داوە شکستییان خواردووە و کورد وتەنی: «تەواوی ڕیسەکەیان کراوەتەوە خوری». بیری نەتەوەیی گەر ڕیشەی داکوتابێ، دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیست و ناوەندخواز هەرچەند هەوڵی لەناوبردنی بدەن و هەزینەی بۆ بکەن، دیسان دەبێ لەبەرامبەر هەستی نەتەوەیی، نەتەوەی زیندوو و ئیرادەی پۆڵاییندا سەر دانەوێنن.

عەلی تولابی نموونەی نەتەوەیەکی زیندوویە کە لە پێتەختی ئێران وێڕای ئەوەیکە داوای لێ کرابوو گۆرانی فارسی بڵێتەوە، بەڵام بە لوڕی و بە کوردی گۆرانیی گوت و بە ورەیەکی بەرزەوە داوەرانی بەرەوڕووی گۆرانی مامۆستایان عەزیز شاهرۆخ و ناسر ڕەزازی کردەوە و هۆڵی کێبڕکێی بە دەنگە زوڵاڵ و ڕەسەنەکەی خرۆشاند و داوەران بەدەنگە ئاهوورایییەکەی سەرسام بوون!

عەلی تولابی توانی پلەکانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ و ببێتە تاقانەی کێبڕکێکە و مێداڵی شانازی وەربگرێ.

### تابلۆی دووهەم

چەند ڕۆژە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کلیپی دەنگی ئاهوورایی پیاوێکی تەمەن ٥٥ ساڵان دەستاودەست دەکرێ کە گۆرانییەکی مامۆستا حەسەن زیرەک دەڵێتەوە، ئەو کەسە ناوی «ئێلخان بابایێگی»یە و دانیشتووی شاری «هەرسین»ی پارێزگای کرماشانە. بەداخەوە کاک ئێلخان گیرۆدەی ماددەهۆشبەرەکان بووە و تا چەند وەخت بەر لە ئێستا لە دۆخێکی خراپدا بووە. بەپێی هەواڵە باوەڕپێکراوەکان ناوبراو ماوەی شەش مانگ لە ناوەندێکی تەرکی ماددە هۆشبەرەکان لە شاری کرماشان لە ژێر دەرمان و چاوەدێریدا بووە و بە ڕەزایەتی بنەماڵەکەی هاتووەتەوە بۆ ناوەندی «ندای رهایی» لە هەرسین، تا قوناغەکانی تەرککردن لە شارەکەی خۆی تێپەڕێنێ. نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن لە کاتی وتنی گۆرانییەکە لە خراپترین دۆخی ژیانیدا بووە. ئێستاکە بە ئیرادەی خۆی و پشتیوانی لاوانی دەروەست بە پاکوخاوێنی براوەتەوە نێو بنەماڵەکەی و پێشوازییەکی شایانی لە لایەن خەمخۆران و جەماوەرەوە لێکراوە.

هەرچەند دەمێکە لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا جەماوەرێکی زۆر و بە شێوەی گۆترەیی تووشی ماددە هۆشبەرەکان دەکرێن و ژیانی بنەماڵەکان بەرەو لێکترازان دەچێ، بەڵام تا خەسارناسییەکی زانستی لەسەر ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە نەکرێ ڕەنگە دۆخەکە لەوەش خراپتر بێت. دیارە هۆکارەکانی دەروونشیکاریی، دەروونناسی ڕەفتاری و دەروونناسی ناسکارانە دەتوانن وەکوو سێ لقی سەرەکی بۆ تێوەگلاوانی ماددەهۆشبەرەکان ناو بەرین، دیارە هەر خۆشیان ڕێگەچارەی باشیان بۆ خاشەبڕکردنی ئەم بەڵایە پێشنیار کردووە، بەڵام گشت خاوەنڕایان بڕوایان وایە کە شوێنی ناسالم کە یەکێک لە بەستێنەکانی کاری دەروونناسی ڕەفتارخوازانەیە، هۆکارێکی سەرەکییە و نابێ بەهیچ شێوەیەک پشتگوێ بخرێ. بەشی هەرەزۆری ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان و لادان لە نۆڕمەکانی ژیانێکی سروشتی لە کۆمەڵگادا، دەگەڕێتەوە بۆ بواری ژیانی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵک. بینراوە تاک لە بواری زەینییەوە لێوەشاوەیی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەیکە بەستێنی خۆنیشاندانی بۆ نەڕەخساوە کەمکەم تووشی بێهیوایی، تێکشکان و خەمۆکی هاتووە و گیرۆدەی ماددەهۆشبەرەکان بووە. کەوابوو بەر لە هەموو شتێک دەبێ سەرنج بدرێتە هۆکارەکانی ئیعتیاد. ئەوەیکە دەروونشیکاریی و دەروونناسیی ناسکارانە باسی هۆکارە ڕەوانییەکان و بابەتی ژێنێتیکی دەکەن، ڕەنگە لە جێگەی خۆیدا کاریگەر بن و لە ڕێگەی هۆرمۆنڕێژییەوە کاریگەریی خۆیان دابنێن، بەڵام دەروونناسی ڕەفتارگەرا - یانی ئەو مێتۆدەی باس لە کاریگەریی دەوروبەر لەسەر مرۆڤ دەکات - و نەبوونی پێوەندی و هەلی کار زیاترین کارتێکردنی نەرێنی هەیە. بەم شێوەیە و تا بەڵایەکیتردا لەنگەر لەسەر ئەم دیاردە قێزەونە نەگیرێ، ناتوانین بەشێوەیەکی کارناسانە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بکەین. هەروەک ئاماژەمان پێ کرد یەکێک لە هۆکارەکانی تووشبوون بە ماددەهۆشبەرەکان کێشەی ئابووری و بێکارییە. دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکانی تووشبوونی ئەم بەڵا قێزەونە بێ، گوشاری ڕەوانی وەک هەژاری، لەدەستدانی ئازیزان، تەنیایی و بایەخپێنەدان، لەکاتێکدا توانای کاری داهێنەرانەت هەبێ!

کۆماری ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی ڕەشیدا کارێکی کردووە کە مرۆڤ هەر هیچ بایەخێکی نەماوە، زبڵدۆز، منداڵی کار، لەشفرۆش و زۆر دیاردەی قڕێژی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە، بێهیوایی سێبەری بەسەر گشت وڵاتدا کێشاوە، کۆماری ئاخوندی دۆخێکی پێکهێناوە کە تەنیا لەم ساڵدا چەندین منداڵی ۱۲ بۆ ۱۵ ساڵ خۆیان کوشتووە! لە «نەجەف ئاباد»ی «ئیسفەهان»، بنەماڵەیەکی ٥ کەسی بە کۆ خۆیان هەڵواسیوە! ئەمانە نموونەی «بێهیوا»ییەکی گشتگیرن کە لە بواری دەروونناسییەوە وەک گەورەترین کێشە چاویان لێدەکرێ. لەملاشەوە سپای تێرۆریستی پاسداران بەباشی ساتوسەودا بە ماددەهۆشبەرەکانەوە دەکات تا دڵی دەخوازێ لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتیدا بڵاوی دەکاتەوە و هەناردەی تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئورووپای دەکات و دەستە چەپەڵەکانی ئاخوندی وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان بوونەتە گەورەترین کارتێلی ماددەهۆشبەرەکان تەنانەت بۆ نێو ئامریکاش. لەبیرمان بێت کە ماوەیەک بەر لە ئێستا وڵاتی ئۆردۆن لە دەست حیزبوڵڵا و دەستە چەپەڵەکانیتری کۆماری ئاخوندی لەسەر ترانزیتی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە وەدەنگ هاتن. هەناردەکردنی ماددە هۆشبەرەکان بۆ کوردستانی باشوور بە شێوەی جۆراوجۆر لە پیلانی کاری ئاخوندەکاندایە. کاکە «ئێلخان بابایێگی»، لە وەها شوێنێکدا ژیان دەکات، شوێنێکی پیس کە لەشی مرۆڤ ئامادەی وەرگرتنی هەر جۆرە میکرۆبێکە! کەوابوو جیا لە ڕەهەندەکانیتری تووشبوون بە ماددەهۆشبەرەکان، کۆماری ئاخوندی بەرپرسی تەواوی ئەو بەڵا کۆمەڵایەتییانەیە کە بەسەر شارۆمەندی ئێرانی و کوردستانی هاتووە! و خۆی بە ئانقەست دەیهەوێ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت لاوی کورد تێوەگلاوی ماددە هۆشبەرەکان بکات.

> **ئەمانە نموونەی «بێهیوا»ییەکی گشتگیرن کە لە بواری دەروونناسییەوە وەک گەورەترین کێشە چاویان لێدەکرێ. لەملاشەوە سپای تێرۆریستی پاسداران بەباشی ساتوسەودا بە ماددەهۆشبەرەکانەوە دەکات تا دڵی دەخوازێ لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتیدا بڵاوی دەکاتەوە و هەناردەی تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئورووپای دەکات و دەستە چەپەڵەکانی ئاخوندی وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان بوونەتە گەورەترین کارتێلی ماددەهۆشبەرەکان تەنانەت بۆ نێو ئامریکاش**

# یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات پێویستییەکانی بۆ ئێران




د.مەسعوود محەممەد بەیرووت

وەرگێڕ: هێرش پاڵانی

لە پێشهاتێکی بەپەلە و لەناکاودا لەمەڕ فایلە ناوکییەکەی ئێران، وەزارەتی بەرگری ئێران هەواڵی کوژرانی موحسینی فەخریزادە گەورەزانای ناوکی ئێرانی لە نزیك تاران، پشتڕاست کردەوە.

ناوندە هەواڵگرییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی فەخریزادە بە بەرپرسی سەرەکی پرۆژە نهێنی و ناوکییەکەی ئێران ناودەبەن. لە بۆنەی ئەم ڕووداوە گرینگ و نوێیەدا ڕەنگە پرسیاری بەجێ ئەوە بێ کە داخۆ ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەڵوێستیان چییە و چۆن لەم ڕووداوە گەورەیە دەڕوانن ؟

نووسەری ئەم دێڕانە لەمێژساڵە لە هەوڵی بێوچانی یەکانگیرکردنەوەی ڕەفەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێراندایە بەڵام، مەخابن تاکوو ئێستاش بە زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەوڵەکانم بە ئامانج نەگەیشتوون. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ گەر پێموابێ کە لەم هەوڵانەمدا بەداخەوە بۆم دەرکەوتووە کە تەنیا هۆکاری ئەم نالێکییە تا هەنووکەش بە شێوەی بەرچاو لە بازنەی ڕکەبەرایەتی ناتەندروستی ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە حەقخواز و خوێنینەدا دەسووڕێتەوە. لێرەوە وەك زۆر کوردی دڵسۆزی ئەم بزووتنەوەیە حەق بە خۆم دەدەم کە بە دەنگی بڵیند و ئاشکرا بپرسم ئەرێ بەڕاستی ئیدی کاتی یەکڕیزی ڕەفەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەتایبەت، ڕیزە لێکدابڕاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك بەڕابردووترین و جێباوەڕترین حیزبی کوردەکان لە ئێران، نەهاتووە؟

بۆ یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات پێش هەمووان؟

بۆیە حیزبی دێموکرات، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان بە حەق چاوەڕوانی ڕۆڵی ڕێبەریکردنی خەبات و بەربەرەکانێی ڕاستەقینەی جەماوەری کوردستانیان لەم حیزبە هەیە، لەم قۆناخەدا کە ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەر کات لە ژێر گوشار و ئابلۆقەی جۆراوجۆری تاقەتپڕووکێندا گرفتار بووە، سەرەڕای هەڕەگیف و هەڕەشە و گوڕەشە پوچەکانی ڕێژیم دژی ئامریکا و ئیسراییل، ئێرانییەکان زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکەن تا خۆ نەگلێننە قوماری شەڕێك کە قوتاربوون لێی ئاسان نابێ.

ئێران ئێستا لە سوریە چەقیوە، لە لوبنان لە مێژساڵە بووەتە بەشێك لە کێشە قووڵەکان و قەیرانە چارەسەرنەکراوەکان.

ئەم تێوەگلانانە بوونەتە بارگرانی بۆ ئابوورییە داڕووخا و لاوازەکەی ئێران و ڕێژیم بەرەو تێکڕووخان پاڵ دەدەن. ڕێژیم ئێستا پتر لە هەر کات تەنیا و پەراوێزخراوە لە ئاست ناوچە و جیهاندا، بێجگە لە ڕێژیمە بێزراوەکانی سوریە و ڤێنزویلا و جارجار بەپێی بەرژەوەندی ڕوسیە و چین بە شێوەی ڕواڵەتی و زارەکی نەبێ، کام لایەن و کام وڵاتی جێباوەڕ بەجیددی پشتی دەگرێ و هاودەنگی لەگەڵ دەکا؟

وەك ئاشکرایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئێرانی بەلاوە وڵاتێکی یاخییە لە ڕووی سیاسییەوە و، لە ڕووی ئابووریشەوە لاواز و ناکاریگەر. هەمووانیش دەزانن ئەم حاکمییەتە لەمێژە ڕەوایی و پشتیوانی خەڵکەکەی لەدەست داوە، سیاسەت و بەرنامەکانی ئێران لە سەر بنەمای ئاژاوەنانەوە و کێشەسازی ناوچەیە بۆ خۆسەپاندن و خۆقەبووڵاندن، کە ئەم سەربزێوی و ئاژاوەگێڕییانەش بەردەوام ڕەخنە و نارەزایەتی نێودەوڵەتی لێکەوتووتەوە؛ بە ڕوونی لە ڕێژیم حاڵیکراوە کە کەس لەگەڵی هەڵناکا و ئیتر ناتوانێ لە یاخیگەری بەردەوام بێ. بۆیە ئابلۆقەی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و نیزامیان بەسەردا سەپاندوە. وێناچێ ڕێژیمیش بۆ ماوەیەکی زۆرتر بتوانێ بەرگەی ئەو هەموو گوشار و هەڕەشانە بگرێ و تێکنەتەپێ. مەگەر لە ژێر گوشار و ئابلۆقە و قەیرانەکاندا، دەس لە ئاژاوەنانەوە و دەسوەردانە ناوچەییەکانی هەڵگرێ، لە سوریە بکشێتەوە، دەس لە کاروباری عێراق وەرنەدا و واز لە یەمەن بێنێ و دەس لە شەڕنانەوە لە لوبنان بەردا و بگەڕێتەوە نێو سنوورەکانی خۆی.

لە ئاستی جیهانیشدا، پرۆژە ناوکییەکەی بە یەکجاری پەك بخا و بەرنامە مووشەکییەکانی ڕاگرێ و ببێتە وڵاتێکی ئاسایی و بەرپرسیار و پێبەندی یاساوڕێسا جیهانییەکان.

لەمبارودۆخەدا بزووتنەوەی کوردستانیش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و بیروڕاگۆڕینەوەی بنەڕەتی و ڕاستەقینە هەیە.

پێویستی بە ڕوانینێکی نوێ و یەکگرتووانە هەیە و، دەبێ پێکەوە لە هەوڵی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی جیددیدا بن تا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێستا و، جێگیرکردن و سەپاندنی داخوازییە ڕەواکانی کورد لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیك و فیدراڵ لە ئێراندا، بکەونە دانوستان و بگەنە ڕێککەوتن.

جەماوەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیان لە هەر دوو لای دێموکرات هەیە، کە پێکەوە دەسپێشخەری بکەن بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات.

ئەم دوو لایەنەی دێموکرات خاوەنی یەك ڕێبەریی هاوبەشی مێژوویین، قازی محەممەد و عەبدولڕحمانی قاسملوو و شەرەفکەندی ڕێبەرانی کەموێنەی ئەم دوو لایەنەی دێموکراتن. هەر دوو لای دێموکرات لە سەریانە وڵامی ئەرێنی و دڵخۆشکەر بە خەڵکی یەکگرتنخوازی کوردستان بدەنەوە. گرینگتر لە هەموو ئەوانە، دەبێ ئەم حیزبە یەکگرتووانە جێگەوپێگەی شایان و مێژوویی خۆی بە دەست بێنێتەوە و لە پێناو بەدیهێنانی دروشمە هەرەبەناوبانگ و جێکەوتووەکەی لای هەموو گەلانی ئێران، ئەو دروشمەی کە قاسملوو ئەندازیار و خاوەنی بوو، (دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران) خەبات بکا؛ شەهید قاسملوو دەیزانی کە داهاتووی ئێران بەندە بە جێگیربوونی دێموکراسییەوە لە ئێران.

ئێران چاوەڕوانی زۆری لە حیزبەکەی قاسملوو هەیە، مەهابادیش چاوەڕێیە کە حیزب بیگەڕێنێتەوە سەر نەخشەی ڕووبەڕووبوونەوە گەرموگوڕی خەبات لە پێناو داهاتوویەکی پڕشنگدارتردا بۆ کورد لە ئێران، لە ژێر ئاڵای ئازادی و دێموکراسیدا. ئایا ڕێبەرانی حیزب دەنگی کۆمەڵانی یەکگرتووخوازی کوردستان دەبیستن و ئاڵای یەکگرتن و یەکڕیزی بەرز دەکەنەوە ؟

## وێستگە

# کێشەی من حیجاب نییە!



نووسین: هێمۆ

لەدوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جێگیرکردنی سیستمی دەسەڵاتداریی ئیسلامیی ئەم ڕێژیمە، پرسی حیجاب و سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بۆ ژنان باسێکی گرینگ و جێی بایەخ بووە.

لەڕاستیدا پرسی حیجاب لە کۆمەڵگای ئێراندا پرسێکی ئاڵۆزە، لەو ڕووەوە ئاڵۆز کە چەندین ڕوانگەی جیاواز بەنیسبەت ئەم پرسە لەم کۆمەڵگایەدا هەن کە هەندێ جاریش زۆر دژ بە یەکن.

بۆ نموونە چونکە کۆمەڵگاکە ئیسلامییە و دەسەڵاتەکە جیا لە پرسی ئایین نییە، ڕوانگەی ئەگەر نەڵێین زۆربە، لانیکەم حەشیمەتێکی بەرچاو لەو جوگرافیا دەسکردە بەنیسبەت پرسی حیجاب، ڕوانگەیەکی لێوڕێژ لە دەمارگرژیی ئایینییە، بەو شێوازە کە هەر کردار و هەڵسوکەوتێکی دژ بەم پرسە وەکوو هێرش بۆ سەر پیرۆزی و باوەڕەکانی خۆیان دەبینن و هەوڵیش دەدەن ڕووبەڕووی ببنەوە، هەڵبەت ئەگەر بەشێک لەم بابەتە پێوەندیی بە زاڵبوونی ئایینی ئیسلام و پلان و بەرنامەی دەسەڵات بۆ زاڵکردنی ئەم پرسەوە هەبێت، بەشێکی بێگومان هەر باوەڕی تاکەکەسیی خودی خەڵکەکەیە و جاری واشە بۆ پێداگری لە سەر ئەم بابەتە کۆمەڵێک بەڵگە و فاکت دێننەوە کە بە خوێندنەوە و تێگەیشتن ئەم باوەڕەیان لە لا درووست بووە.

لایەنێکی دیکەی بابەتەکەش ڕوونە کە تەنیا ئاکامی شوێنکەوتوویی خەڵکانێکە کە چونکە لە کۆمەڵگایەکی لەو چەشندا دەژین، پێویستە یاساوڕێسای تایبەت بەو کۆمەڵگایەش پێڕەو بکەن.

جیا لەوەیکە کەسانێکیش هەن کە هیچ بڕوایەکی ئایینییان نییە و پرسی حیجابیش وەکوو عورفێکی کۆمەڵگا بە سەریاندا سەپاوە، بەشێکی دیکە هەن کە بەپێی فەرهەنگ و شارستانییەتی تایبەتی خۆیان هیچ پێوەندییەکی مێژوویان لەگەڵ پرسێک بەناوی حیجاب نییە کە لە نێوان نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمدا ئەم بابەتە زۆر زەقتر و بەرچاوترە.

هەر کام لەو نەتەوانە کە لەم جوگرافیا دەسکردەدا دەژین، خاوەن مێژوو، فەرهەنگ و شارستانییەتی تایبەت بە خۆیانن و ڕەنگە لای هەندێکیشیان پرسی حیجاب هیچکات پرسێکی جێگای بایەخ نەبووبێت بەڵام بەهۆی کاریگەریی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەدا، ئەم پرسە بەسەریاندا سەپاوە.

ئەگەر چاوێک لە سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستان بکەین دەبینین کە پرسێک بەناوی حیجاب لای خەڵکی کوردستان هیچکات پرسێکی جێگای مشتومڕ نەبووە، شێوازی جلوبەرگی کوردی بۆ هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ عورفی کۆمەڵگا و باوەڕی تاکەکان نەبووە و هەر بۆیە هیچکاتیش نەبووەتە پرسێک کە گرینگیی وای پێ بدرێت، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت کە ئێستاکە لای ئێمەی کورد پرسی حیجابی زۆرەملێ بەو ڕادەیە کە لە لای فارسەکان گرینگیی پێ دەدرێت، بەبایەخ نییە!

چەند ساڵێکە کە هەندێ بزووتنەوەی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ ئەویش لە دەرەوەی جوگرافیای بەناو ئێرانەوە، دەستیان پێ کردووە و خەڵک لەگەڵ خۆیان دەخەن تاکوو بەنیسبەت حیجابی زۆرەملێ نارەزایەتی دەرببڕن و ڕەنگە بە شێوەی ئامانجداریش بیانهەوێ بیکەن بە پرسێکی گرینگ تاکوو هەندێ پرسی دیکە بەلاڕێدا ببردرێت کە ئەمە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا ناگونجێ؛ بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە پرسی حیجاب بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد هیچکات خاوەنی ئەو بایەخ و پێگەیە نییە کە لە لای ژنێکی فارس باسی لێوە دەکرێت.

هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاڵۆزییەک درووست بێت لە نێوان ئەو ژنانەدا کە خۆیان وەکوو چالاکی بواری ژنان لە کوردستان ناساندووە؛ کۆمەڵێکیان پێیان وایە پەیوەستبوون بەم بزووتنەوانە، پەیوەستبوونە بە ژنانی دیکەوە بۆ داواکردن و پێداگری لەسەر پرسێکی گشتگیر هەر بۆیە جیاوازییەک لە نێوان خۆیان و ئەویتر واتە فارس یا نەتەوەی باڵادەستتدا نابینن بەڵام هەندێکی دیکەش هەن لە سەر ئەو بڕوایەن کە تا کاتێک پرسی نەتەوەیی و کێشەکانی تایبەت بە ژنانی کورد لەئارادان، پرسی حیجاب ناتوانێ ئەوەندە پرسێکی گرینگ و جێی بایەخ بێت. هەر ئەمەشە وای کردووە کە ژنانی فێمێنیستی کورد، هەندێک جار خۆیان لە ژنانی ناسیۆنالیست جیا بکەنەوە و پرسی ناسیۆنالیزمیش بە ڕێگرێکی سەرەکی بۆ پرسەکانی ژنان و بەئاکام گەیشتنیان بزانن!

لەڕاستیدا بۆ من وەکوو ژنێکی کورد بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کوردستان و دیرۆکی نەتەوەکەم، پرسی حیجاب هیچکات بەشێک لە وەبەرایەتییەکان نەبووە و نابێ، کێشەی من حیجاب نییە تاکوو بمهەوێ هەمو هێز و توانا و پۆتانسیێلی تێکۆشانم بۆ چارەسەرکردنی تەرخان بکەم و لە پرسی سەرەکی کە پرسی نەتەوایەتی و ژێردەستەبوونە غافڵ بم.

ئەمە ڕاستییەکی بێئەملاوئەولایە کە پرسی حیجاب ئێستاکە ژنانی کوردستانیشی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەڵام گرینگیدانی زۆر بەم بابەتە ئەگەر ببێتە هۆی پەراوێزخرانی پرسە سەرەکی و جەوهەرییەکە، ئەتوانێ بەگشتی خەباتی ژنان لە کوردستان تووشی ئاڵۆزییەکی ئێجگار قورس بکات.

هاوتەریبوونی خەباتی ڕەگەزی و خەباتی نەتەوەیی بۆ هەر ژنێکی کورد، دەبێ وەکوو ئەرکێک چاوی لێ بکرێت، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار پێویست بێ بە بێلەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و ئازارەکانی تایبەت بە خۆمان، بیر لە دوورەدیمەنی نەتەوەکەمان بکەینەوە و ئەگەریش پێویست بوو، لەپێناو داهاتوویەکی گەش بۆ نەتەوە و وڵاتەکەمان، خۆمان و خواستە ڕەگەزییەکانیشمان بکەین بە قوربانی، بە جێگیرکردنی ئەم ڕوانگەیە دەتوانین هیوادار بین کە بە سەقامگیربوونی نەتەوەییمان دەتوانین هەنگاوی باشتریش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆمان هەڵبگرین.

# حیزبی دێموکرات،
# ڕێکخەر و پەرەپێدەری بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان !

حیسام ئەحمەدی

لەگەڵ ئەوەی پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی «حیزب» یان پارتی سیاسی کراوە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین کە حیزب بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک کەس لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی دیاریکراودا کە بە پێبەندبوون بە پرەنسیپ، پلان، ستراتیژی و سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ ئامانجی هاوبەشیان تێدەکۆشن. لەو پەیوەندییەدا بەشێک لە زانایانی بواری زانستە سیاسییەکان پێیان وایە کە حیزبەکان لەڕاستیدا دەرهاویشتەی ئەو کۆمەڵگایانەن کە تێیدا دروست دەبن. بەو واتایە کە واقعی کۆمەڵگا و ڕوداوەکانی کە تێیدا ڕوودەدەن یارمەتیدەر و هەوێنی بیچمگرتنی ساختار و بنەمای فکری پارت یان ڕێکخراوەکانن؛ بۆیە لە ئەگەری بەراوردکردنی حیزب یان پارتێکی سیاسی کە لە دوو ژینگەی بە تەواوی جیاواز و بەرهەمی دوو ڕووداوی جیاوازن، تەنانەت ئەگەر ئامانجیشیان یەک بێت، ڕێگر دەبێت لە بەدەستەوەدانی خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە سەر حیزبەکان و ڕۆڵ و کاریگەریان. هەر بۆیە و بۆ باشتر تێگەیشتن لەو چەمکە ڕۆژاواییە گرینگە شوێن و دۆخی دامەزرانی پارت و حیزبی سیاسی لەبەرچاو بگیرێت.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییە دەتوانین بەقوڵی هەست بە ڕۆڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ئازاد و دێموکراتیکەکان بەبەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سیستمێکی چەقبەستوودان بکەین. بەو واتایە کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتدا هەوڵی پارتە سیاسییەکان و ململانێیان لەگەڵ یەکتر لە سەر ئەساسی بابەتگەلێکی هاوشێوەی ئەو خاڵانەی خوارەوە دەبێت:

- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتری پارلمان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.
- نوێنەرایەتیکردنی ویستی خەڵک و گەیاندنی دەنگیان بە پارلمان و دەسەڵات.
- پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی وڵات و ڕەخنەگرتن لەو بەندانەی مەترسی لەسەر ئازادی خەڵک دروست دەکەن.
- کارکردن بۆ نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ماف و ئەرکدا (بەپێی یاسا).
- هەوڵدان بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک.
- گەشەدان بە بنەمای ئابووریی وڵات و پێشکەوتووتربوونی پیشەسازی و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵک.
- خولقاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و....هتد.

بەڵام بە پێچەوانەوە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە سیستمێکی دیکتاتۆر بەسەریاندا زاڵە، یان دەرفەت بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی بوونی نییە، یان ئەگەر بوونیشی هەبێت و مەجالی تێکۆشانی لە نێوخۆی وڵات پێبدرێت، بەشێوەیەکە کە لەڕاستای پاراستنی سیستمی داسەپاودا پێویستە ئەو ڕۆڵانەی خوارەوە بگێڕن:

- بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و شاردنەوەی ڕاستییەکان.
- بەردەوامیدان بە سەرلێشێواوی، هەژاری و بێدەنگکردنی خەڵک لەبەرامبەر نادادپەروەری بە کۆمەڵێک بەڵێنی بێ بنەما و ناڕاست.
- هەڵدان بە شکۆی دیکتاتۆر و پابەندکردنی خەڵک بە بڕیارەکانی.
- پشتیوانی لە یاسای بنەڕەتی وڵات کە دیکتاتۆرییەت دەپارێزێت و ئەو بەندانەی سەرکوتی خەڵک و جیابیران بە ڕەوا دەزانێت و...هتد.

ئەو پێشەکییە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی واقعبینانە لە پێگەی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی سیاسی کە ڕێکخەر و پەرەپێدەری «بزوتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان» (ڕوژهەڵات) ە بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی داگیرکەرانی کوردستان، تێبگەین. حیزبێک کە لە جوغرافیایەکی پەراوێزخراوی قۆرغکراو بە ئایدیۆلۆژی دواکەوتووانەدا دادەمەزرێت، بەڵام بە بەرنامەیەکی سیاسی مۆدێرن لە ڕاستای پرسی شوناسخوازی نەتەوەی کورد درێژە بە تێکۆشان دەدات.

لێرەدا مۆدێرنبوونی حیزبی دێموکرات تەنیا بە واتای دژایەتیکردنی داگیرکەرانی کوردستان و دیکتاتۆرییەت نایەت، بەڵکوو بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو عورف و عادەت، کلتوری دواکەوتووانە، ڕوانگە و بۆچوونی چەقبەستوو و....هتد، دەگەیەنێت کە هۆکار بوونە بۆ لە دواکەوتوویدا هێشتنەوەی کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی تر، حیزبێکی مۆدێرن خۆی لە ئایدیۆلۆژیکبوون بەدوور دەگرێت، ڕەخنە وەک ئەسڵێک بۆ چاکسازی قەبوڵ دەکات، هەبوونی بۆچوونی هاوبەش لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی نێو ڕێکخراو بە گرفت ناو دەبات و باوەڕمەندە بە تۆلێرانس و کراوەیی لە بۆچووندا.

هەرچەند، پێش دامەزرانی «حیزبی دێموکرات»یش گەلێک سەرهەڵدان و شۆڕش لە کوردستان بە گشتی و دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بوونیان هەبووە و لە بڕگەی جۆراوجۆردا شوێندانەری ئەرێنییان لە سەر خواستەکانی کورد داناوە، بەڵام کاتێک باس لە دامەزرانی «حیزب» وەک یەکەیەکی مۆدێرن دەکەین، لێرەدا بەرنامە و ستراتیژی سیاسی دەبێتە جێگرەوەی سەرهەڵدانە خۆڕسک و لەناکاوەکان، بەڕێوەبەری بەکۆمەڵ شوێنی ویستە تاکەکەسی و بڕیاری تاکلایەن دەگرێتەوە، مەنتق و خوێندنەوەی دروست دەبێتە پلانی کار و تۆلێرانس و دێموکراتبوون وەک ڕێکارێک بۆ چارەسەری ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێو بزووتنەوە دەسنیشان دەکرێت و گرینگتر لە هەر شتێک ئەوەیە کە خەباتی نەتەوایەتی و پرسی شوناسخوازی و ڕزگاری نەتەوەیی دەبێتە جێگرەوەی بەرژەوەندییە تاکەکەسی، خێڵەکی، ناوچەیی، ئایینییەکان و ...هتد!

بێگومان ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنگرە کە بەشی هەرەزۆری ئەو تایبەتمەندییانە بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکراتی تێدا دامەزرا، نامۆ بوون، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی (کۆماری کوردستان) لە دوای تێپەڕبوونی تەنیا چەند مانگ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد لە ڕاستای گەڕانەوەی شوناسی ڕاستەقینەی کورد دێتە ئەژمار و دیاریکردنی ئاڵای کوردستان، دانانی سروودی نەتەوایەتی، دیاریکردنی هێزی پێشمەرگە وەک سوپای میللی کوردستان، دەرکردنی یاسای بەڕێوەبەریی وڵات، دانانی کابینەی وەزیران، جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیک لە کوردستان، بەشداری پێکهاتەکانی کۆمەڵگا (ژنان، لاوان) لە کاری سیاسی، گرینگیدان بە ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، خوێندن بە زمانی کوردی، نموونەیەکی بەرچاو لەو سەرکەوتنانەن کە هەڵقوڵاو و دەرخەری بنەمای فکری و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، کە لە ئێستادا نەک هەر لە ڕوژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی ناویان لێ دەبردرێن و بە شانازییەوە یادیان دەکرێتەوە.

> **بە سەرنجدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕاستای بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات، دەکرێ بڵێین کە پتەوترکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگ لە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتە و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش گاڤێکی تری ڕێکخستن و پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕوونتر دەکات**

خەباتی حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی لە چونەسەری وشیاری نەتەوەیی تاک وکۆی خەڵکی کوردستان هێزی وەرگرتووە و هەر ئەوەش بۆتە هەوێنی گرینگی پێدانی ئەو حیزبە بە پەروەردە و بارهێنانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بە تایبەتی بۆ ئەوەی بە باشی لە پرسی شوناسخوازی خۆیان تێبگەن و لە ڕاستای بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەییدا ئەرکوەخۆ گر بن. بەو واتایە کە یەکێک لەو فاکتەرە گرینگانەی کە نەتەوەیەکی دابەشکراو بەرەو یەکیەتیی و یەکگرتوویی دووبارە دەبات، گەشەسەندنی فکری و وشیاری نەتەوەیی ئەوانە، لە هەمانکاتدا لاوازبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بۆشایی نێوان پێکهاتەکانی ئەو نەتەوەیە زیاد دەکات و دەرفەت بۆ نەیار و دوژمنان دەخولقێنێت کە لە ڕاستای بێگانەبوون لە شوناسی ڕاستەقینەیان کەڵکیان لێوەربگیرێت.

ئەو شێوە ڕوانییەی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی کورد لە کوردستان لە سەر ئەساسی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ و هاندانی خەڵک بەرەو فاشیزم نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێگریکردن و لەمپەر دروست کردنە لەبەردەم گەشەسەندنی زیاتری فاشیزمی نەتەوەیی و مەزهەبی کە هۆکارن بۆ داگیرکردنی کوردستان و پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد. لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەتوانین ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو کە بنەمای فکری حیزبی دێموکرات پێداگری لەسەر ژیانێکی مرۆڤتەوەرانەیە، بەو واتایە کە شوناسی مرۆڤەکان چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ ڕێزی لێبگیرێت و جیاوازییەکان نەبنە هۆکار بۆ چەوسانەوە و زەوتکردنی مافەکانیان!

لەو پەیوەندییەدا پێویستە شوناسی ڕاستەقینەی کورد وەک نەتەوە چیتر بەلاڕێدا نەبرێت و لە ژێر کاریگەری ئایدیا و دەستەواژەی تر، هەوڵی ئاسمیلەکردن و توانەوەی نەدرێت.

لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی هەر دوو ڕێژیمی دیکتاتۆری (پاڵەوی و ئاخوندی) دا گەلێک لاپەڕەی زێڕین تۆمار کراون کە بوونەتە ڕێبازێکی ڕوونی سیاسی بۆ حیزبی دێموکرات و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو حیزبە نەک هەر گرێدراوی بارودۆخێکی تایبەت و شێوازێک لە خەبات نەبووە، بەڵکوو وەک حیزبێکی شوناسخوازی نەتەوەیی هەم لە بارودۆخە گونجاوەکاندا کەڵکی وەرگرتووە و هەم خولقێنەری دەرفەتیش بووە بۆ خزمەتی زیاتری ئامانجە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک نوێترین بڕگە لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، لەخۆگری گەلێک تایبەتمەندی گرینگ و شوێندانەرە لە سەر پرسی کورد و خەباتە ڕەواکەی. بە جۆرێک کە دەکرێ هەم بە تەواوکەری قۆناغەکانی تری خەباتی ئەو حیزبە ناو ببرێت، هەم وەک هەنگاوێکی نوێ بۆ دەربازکردنی کۆمەڵی (Gemeinschaft) کوردەواری لە «سوننەتیبوون» بەرەو کۆمەڵگایەکی (Geselschaft) وشیار و زیندوی «مۆدێرن» باسی لێوە بکرێت. کۆمەڵگایەک کە تێیدا بیرکردنەوە و لۆژیک ببێتە جێگرەوەی هەست و سۆزی تاک لە ڕاستای بریاردان لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ژیانی ئێستا و داهاتوویەک کە بەرهەمی هەڵسوکەوتەکانی ئەو دەبێت. کاتێک باس لە دەربازبوون بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن دەکرێت، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ ئاسەوارێکی دواکەوتوویی بە ڕوخساری ئەو کۆمەڵگایەوە نەماوە، بەڵکوو مەبەست قۆناغێکە کە تێیدا تاکی کورد بەرەو وشیاری هەنگاو دەنێت.

هەروەها ڕاسانی ڕۆژهەڵات توانی دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان بخولقێنێت کە لە هەر شوێنێک بن، هێز، توانایی و پسپۆڕی خۆیان لە ڕاستای خزمەت بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەیان بخەنە گەڕ و بۆ دەستەبەر و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و ژیانێکی ئازاد کە خوازیاری هەن، تێبکۆشن. ئەو شێوە ڕوانینەی حیزبی دێموکرات بۆ قۆناغی نوێی خەبات ئاماژەیە بۆ بەرفراوانترکردنی مەیدانی تێکۆشان و هەروەها هەڵگرتنی کۆمەڵێک بەربەست و سنوورە لە بەردەم بەشێک لە خەڵکی کوردستان کە ڕەنگە ئۆگر بە کاری سیاسی نەبن، بەڵام لە ڕاستای پرسی کوردبوون و کوردمانەوەیاندا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن. یان بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە هەر کەس بە پسپۆڕییەک کە هەیەتی و بەو ڕادەیە کە لە توانایدایە و لە چ شوێنێک کە بۆی دەکرێت، دەتوانێ پشکی بەشداریکردنی لە خەبات بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوایەتی خۆی هەبێت. لەو پەیوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە شارەکانی کوردستان، هەوڵی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ گەشەدان بە زمانی دایکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵی ژینگەپارێزان لە پێناو ئاوەدانی و پاراستنی سروشتی کوردستان و هەروەها بە دەیان مانگرتنی مەدەنیانە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی، مەدەنی، ژینگەپارێز و....هتد بکەین کە هەرکامیان بەجۆرێک هێز و تینیان بەخشیوەتە بزووتنەوەی شوناسخوازی کورد.

هاوکات ڕاسان دەکرێ وەک جۆرێک لە بەخۆداچوونەوە یان ڕەخنەلەخۆگرتن بۆ حیزبی دێموکرات خوێندنەوەی بۆ بکرێت. پێداچوونەوە بە مێتۆدەکانی خەبات لە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، گرینگیدان بە کاری هاوبەش، ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە ساختاری حیزب و ئەزموونکردنی بیرۆکەی نوێ لە ڕەوتی ئیدارەکردنی حیزب و... هتد، هەروەها ڕەخنەگرتن لە جۆری پەروەردە و پێگەیاندنی هێزی مرۆڤی حیزب، ڕەخنەگرتن لە کلتوری دابڕان و ئینشعابکردن لە حیزب و خسارناسیکردن بۆی، تۆکمەترکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و..هتد، بەشێک لەو خاڵانەن کە دەکرێ وەک نمونە ئاماژەیان پێبدرێت. چونکە لە حیزبی دێموکراتدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی پابەندبوون بە نەزم و دیسیپلین بوونی هەیە، بەڵام بنەما فکرییەکانی ئەو حیزبە لە سەر ئەساسی «یەک جۆر بیرکردنەوەی» ئەندامانی دانەڕێژراوە، بە جۆرێک کە دەرفەت بە تۆلێرانس و کراوەیی نەدات، یان ڕێگر بێت لە بەشداری کەسانی جیابیر لەو حیزبەدا .

لە کۆتاییدا و بە ئاوڕدانەوە لە بەردەوامبوونی حیزبی دێموکرات لە پێناو هاوئاهەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت لە «ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا و بە سەرنجدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕاستای بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات، دەکرێ بڵێین کە پتەوترکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگ لە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتە و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش گاڤێکی تری ڕێکخستن و پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕوونتر دەکات.

# ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری سیاسی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئاکۆ عەلیزادە

## پێشەکی

شعووری سیاسی ئاکام و دەسکەوتی گەشەی عەقڵی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە دوای گەشەی مێشک لەو بوارەوە دەستی پێرادەگات؛ ئەو قۆناغە لە پەروەردە و گەشەی فکر کاتێک بۆ تاک دەستەبەر دەبێ کە ئەو بتوانێ چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ناویدا پرسی نەتەوەیی و پرسی جیهانبینی ڕۆڵگێڕترینی ئەو خاڵانەی کە جێگای ئاماژەن بە جوانی تێبگات.

ئێمە کاتێک باس لە زانیاری سیاسی لە کەسێکدا دەکەین دەبێ سەرەتا سەرنج بدەینە ئەوە کە کەیسی ئێمە لە چ بەستێنێکدا ژیان دەباتە سەرێ . ئەوە حاشا لێنەکراوە کە تاکی کورد بەهۆی چاوەدێری ڕێژیمی زاڵ و بەهۆی ئەوەیکە بەستێنێکی بەرتەسکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ئاوێتەیە لەگەڵ سیاسەتی شەڕی نەرمی ڕێژیم بۆ لەناوبردنی شوناس و کەسایەتی کورد لە هەرلومەرجێکی جیاوازدایە کە پێویستی بە چاوساغ و ڕێنیشاندەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێئالیستانە بڕوانێ بۆ پرسە سیاسییەکانی دەوروبەری خۆی و ئەوانەی کە وێژمانی نەتەوەیی ئەون. لێرەدا حیزبە سیاسییەکانن کە دەبێ هەریەکەی بە نۆبەی خۆی ئەو ئەرکە لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و مەدەنی خۆیاندا بۆ پەروەردە و بارهێنانی تاکێکی هۆشیار لە کۆمەڵگادا بگێڕن.

حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین لە تەواوی ڕەهەندەکانی خەباتەوە چ لە بواری مێژووی ٧٧ساڵەی و چ لە ئەو ئاکام و دەرەنجامانەی هەیبووە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران و پێشهاتە سیاسییەکان و ئەوەیکە سەربەخۆیی سیاسی خۆی لە هەر هەلومەرجێکی سەقامگیر یان ناسەقامگیردا پاراستووە، ئالاهەڵگر و چاوساغی پەروەردەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بووە و شوێندانەریی خۆی داناوە .

## تەوەر :

ڕێژیمی ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەوڵ بۆ جینۆسایدی فکری و نەتەوەیی گەلانی ژێردەستی خۆی و پەرەدان بە بیرکردنەوەی دەوڵەت نەتەوە و هەروەها فەرهەنگی کۆنەپەرستی و خورافات سیمایەکی دزێوی پەیدا کردووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەروەها لە وڵاتانی دەرەوەش . بە پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیای خۆی و تیرۆرە فکری و فیزیکییەکانی، هەڵاواردنی سیاسی و ئابووریی گەلانی ژێردەست و بەتایبەت گەلی کورد، بۆتە هۆکارێک کە کۆمەڵگا زۆر زیاتر لە جاران پێویستی بە زانست و شعووری سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو ڕەوتە سیستماتیکەی کە دەیهەوێ بیری کورد لە ڕێڕەوی خۆی لابدا بێت.

حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاستی سیاسیی کۆمەڵگا هەوڵی بێوچانی بۆ ئەوە داوە کە تەواوی ئەو هێرشە نەرمەی کۆماری ئیسلامی و مێتۆدە فکرییەکانی لە کوردستان پووچەڵ بکات و کورد بتوانێ ئاڵنگاری ئەو هزرە کۆنەپەرستانە بکا؛ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان، کاروباری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات و کارکردن لەسەر توێژی تازەپێگەیشتوو و لاو کە داهاتووی ئەو وڵاتەن تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی سیمای ئەو ڕێژیمە نگریسە نشان بدات.

شعووری سیاسی ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێ :


١ ناسینی دۆست و دوژمن

٢ ناسینی ئاراستەی بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

٣ ناسینی پلان و ستراتیژییەکان کە دژی ئەون

لە بارودۆخی ئەوڕۆی کۆمەڵگای کوردیدا هەر تاکێک پێویستە بزانێ کە دۆست و دوژمنی ئەو کێن و کام یەک لە لایەنەکانی بەردەنگ دەیانهەوێ داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەو دەستەبەر بکەن و کام یەک دەیهەوێ ئەو تاکە وەک کوردێک کەسایەتییەکی ناهوشیار، لەرزۆک، ترسەنۆک، گوێڕایەڵ و خۆبەدەستەوەدەری هەبێ؛ بۆ ئەوەش دەبێ بتوانێ پۆلێن بکا لە نێوان فکرەکانی چوارچێوەی ئێران و فوکوس بخاتە سەر وێژمانی نەتەوەیی کە لە بەرامبەر ڕێژیمێکی ناوەندگەرا چ هەڵوێستێکیان لە خۆیان نیشان داوە . هەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی و چاوساغێکی سیاسی لەم ڕێگایەدا دەبێتە خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئەوەی خەڵک بگەڕێتەوە سەر شوناسی حەقیقی خۆی و بتوانێ لێکدانەوە بکا بۆ ڕووداوەکانی پێشهاتوو و بە ئامادەبوونێکی فکرییەوە بەرەنگاری سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕێژیمی ئێران ببێتەوە .

یەکێکی تر لە خاڵە بەرچاوەکان




ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی کۆمەڵگایەک بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجێکی دیاریکراو. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەشێوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە هەتا دروستکردنی هەندێک چاکسازی لەخۆ بگرێت . لە سەردەمی مۆدێرندا، یەکێک لە گرینگترین میکانیزمەکانی دروستکردنی گۆڕانکاری، یا پێشگرتن لە گۆڕانکارییەک، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن. هەندێک لەو بزووتنەوانە کە ئامانجیان وەدەستهێنانی سەروەریی سیاسی بۆ کوردستان بووە، زۆر شتی قێزەون و قێزەون نیشاندانی پیرۆزییەکانی خەڵک کە جێگای پەسەندی ئەوان نییە یەکێک لەو هەڕەشانەیە کە تاکێک ئەگەر شعووری سیاسی نەبێ دەکەوێتە داوی و تێیدا پەلەقاژە دەکا .

لە بابەت کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو پلان و ستراتیژییانەی کە دەوڵەت بۆ لاوازکردنی هزری کورد و تواندنەوەی کولتور و زمانی دەیکا، پێویستە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئەوە بزانن کە هەوڵی دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی یەکگرتوویی کوردە و بە سیاسەتی ئەتۆمیزەکردن و بچووککردنەوەی بازنە فکرییەکانی باوی نێو کۆمەڵگا جار بە بیانووی ئەو بەستێنە جار بەهۆی ڕۆشنبیری تاک و وەدواکەوتنی و جاروباریش بەهۆی حەزە سیاسی و نەتەوەییەکانی دەستەبەر دەبێ. هەندێک جاریش ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی پارتە سیاسییە چالاکەکانی ئەو نەتەوەیە کە بە نیشاندانی مێژووی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە پلانەکانی ڕێژیمی دژ و هەروەها ناساندنی چەمکەکانی سیاسەت و بڵاوکردنەوەی ڕاستی و دروستییە دێموکراتیکەکان و وێژمانی نەتەوەیی لە دژی ئەو وێژمانە دژە و بەمیدیاییکردنی، کۆمەڵگا لەو زەلکاوە ئایدیۆلۆژیاییە قێزەونە ڕزگار بکات .

بەڵکوو زۆرتر وەك ڕێگاچارەیەك سەیر کراوە بۆ پاراستنی هەبوون و مەوجوودیەتی پارتەکان و ڕاگرتنی بەستەرێک کە تێیدا بکرێ درێژە بە کار و چالاکیی سیاسی بدرێت.

گەرچی خەباتی چەکداری لە «شاخ» و بە ڕواڵەت لە دەرەوەی «شار» سەقامگیر بووە، بەڵام هاوکات ڕیشەی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەستێن و پەیوەندییە شارییەکاندا ڕوویان داوە.

> **لە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە بەردەوام پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بووە و هەر لە سەرەتای کۆمارەوە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی بردنە سەری ئاستی شعووری سیاسی خەڵکی داوە و ویستوویەتی کۆمەڵگای کوردی لەو بێدەرەتانییە سیاسییە بێنێتە دەرەوە و لە مێژووی ٧٧ ساڵەی خۆیدا لە سەر ئەو چەمکە کاری کردووە و توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵک لە داگیرکاری و لە هەمان حاڵدا لە مافە نەتەوەیی و تاکییەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە**

ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایە کە لە بوارە جیاوازەکاندا و لەهەمبەر کێشە و ئاریشەکان چ هەڵوێستێکیان هەیە و فکریەتیان لە چ ئاستێکدایە کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆسەر پەروەردەی فکری و سیاسی خەڵک و هەروەها ئاگاداربوون لە سیاسەتەکانی لایەنی دژ و کۆلۆنیالیستیبوونی سیستمی ئیدارەی وڵات و هەوڵەکانی بۆ دوورخستنەوە لە شوناس و فەرهەنگی کورد . ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵات ئاگاداری ئەوە بێت کە کۆمەڵگاکەی خەریکە لەژێر تەوژمی بیرکردنەوەی نەتەوەی فارس کە نەتەوەی زاڵە بەسەریدا و هەروەها ڕەوتی بەلاڕێدابردنی فکری بەهۆی دیسکۆرس و وێژمانەکانی کورد لەگەڵ ڕێژیم، هەست بەوە دەکا کە دەبێ ڕۆڵگێڕ بێت لە کۆمەڵگادا و بڕوات بەرەو ئاقارێکی واقیعبینانە و دوور کەوێتەوە لە چەواشەکارییەکان کە لە شەڕی نەرم و لە میدیا و زۆر ڕەهەندی دیکەوە دەستەملانی کوردە بۆ تواندنەوەی لە کیانێکی وەهمی و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان، و بەشێکی ئەو ئاگادارکردنەوەیە دەکەوێتە سەر شانی وێژمانی نەتەوەیی و میدیا نەتەوەییەکان و چالاکانی نێوخۆیی وڵات کە دەتوانن چاوساغی خەڵک بن و هاوکاری بکەن بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەگەر لێرەدا باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەین دەبێ بڵێین هەوڵێکی ڕێکخراون لە نێوان بزووتنەوەکانی دابینکردنی یەکسانی چینایەتی، بزوتنەوەیی ژینگەیی و خوێندکاران، بزووتنەوەی پاراستنی زمانی دایکی دەچنە ڕیزی گرینگترین بزووتنەوەکانی کوردستان کە بە بەردەوامی لەلایەن خەتی فکری حیزبە سیاسییەکان و لە هەمووان بەرچاوتر و شوێندانەرتر حیزبی دێموکرات پاڵپشتی میدیایی لێکراوە و بایەخێکی زۆری پێدراوە تا تاکی کورد بتوانێ لەمەڕ ئاریشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە چاونەترسی هەڵوێست بگرێ و ترسی بە ڕێژیمی ناوەندگەرا و سیاسەتە توندئاژۆ کوولتوورییەکانی بۆ کۆمەڵگای کوردی نەبێت .

هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و بەتایبەت ئەوانەی لەسەر بنەمای ئایین دامەزراون و یاسا و ڕێسایان دەگەڕێتەوە سەر مەکتەبی تیئۆکراسی و دەسەڵاتی کەسانی ئایینی، دەیانهەوێ بە پەروەردەی فکری و ڕەوتی ئاپاراتووسی و شەرتیکردنی کۆمەڵگا بە هێندێک ئاکار و باوەڕ کە لە ئایدیۆلۆژیای خۆیاندا بۆ زاڵبوون بەسەر کەمینە نەتەوەیی و فکری و ئایینییەکانی دیکە جێگەوپێگەی هەیە لە هەوڵی ئەوەدان کە بە نەرمترین شێوە ویست و خواستی خۆیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوە یا ئۆمەت نەتەوە وەکوو کۆماری ئیسلامی لە پەروەردەکردنی منداڵان و تا ئاستێکی باڵاتر وەک کۆمەڵگا بە گشتی نیشان بدەن .

لە وەها هەلومەرجێکدا پیرۆزنیشاندانی ئایین و جار بە بیانووی زاراوە وەک جیاکردنەوەی پارێزگاکانی خواروو خەریکی ئەوەیە کە کورد بوونێکی یەکانگیری نەبێ و دابەشی بکا بەسەر چەند دەستە تا بتوانێ بە ئاسانی تێکیان بشکێنێت.

ئەوە ئەرکی کوردە کە ئاگاداری ئەو جۆرە هەڕەشانە بێت و بە یەکگرتوویی و بە پاراستنی پیرۆزییەکانی پیلانەکانی ئەو ڕێژیمە نگریسە پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها دەبێ خۆی نزیک کاتەوە لەو بیرە ناسیۆنالیستییە کە پێویستە هەر تاکێکی کورد بۆ مانەوە و دەستوێڕاگەیشتن بە مافە سەرەتایی و نەتەوەییەکانی وەک کوردێک هەیبێت و ئەو هەستە نەتەوەییەی لە خۆیدا بەهێزتر بکات . ڕەوتی ئاگاداربوون لە پلان و ستراتیژییەکانی داگیرکەر پێویستی بە بەستێنێکی هزری و سیاسی هەیە کە دەبێتە دیتنێکی بەربڵاوی تەوژم و هێرشەکان بۆ سەر نەتەوەیەک کە دەیانهەوێ لە نەزانیدا بیهێڵنەوە و لە چوارچێوەی میدیا وەهمییەکاندا بیئاخننە نێو مێشکی کۆمەڵگا و لە ڕەوتی بەکۆیلەکردنی تەواوی چین و توێژەکان کەڵکی لێوەرگرن .

دەربازبوون و تێپەڕین لە کۆیلەیی و زەینیەتی کۆیلەتی و هەنگاونان بەرەو دەوڵەتی خۆ وەک ئامانجی کۆتایی، ستراتیژی پێگەیشتنە هەرچۆنێک بێت، دەبێ تەوەری وێژمانی نەتەوەیی بێت .

لە نەبوونی ناوەندە دێموکراتیکەکان و بنەمایەکی یاسایی مۆدێڕن و بە لەبەرچاوگرتنی شێواز و پرۆسەی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە لە وڵاتانی ناوچەکە، کورد دەرفەتێکی یەکجار تەسکی لە بەردەستدا بووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە چوارچێوەی سیاسی-یاسایی فەرمیدا بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانی خۆی بکات. لە وەها دۆخێکدا خەباتی چەکداری لەلایەن زۆرێک لە پارتە سیاسییەکانەوە وەك ئاڵترناتیڤێک سەیر کراوە بۆ درێژەدان بە «بەرخۆدان» بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتیی جۆرێک لە ناسیونالیزمی فەرمیی وڵاتەکەیان دەکەن. بەپێچەوانەی ڕوانگەیەکی زاڵ کە زۆرتر لە لایەن وتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتانەوە ئاراستە دەکرێ، خەباتی چەکداری نە وەك کەرەستەیەك بۆ داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی،

### دەرئەنجام:

لە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە بەردەوام پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بووە و هەر لە سەرەتای کۆمارەوە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی بردنە سەری ئاستی شعووری سیاسی خەڵکی داوە و ویستوویەتی کۆمەڵگای کوردی لەو بێدەرەتانییە سیاسییە بێنێتە دەرەوە و لە مێژووی ٧٧ ساڵەی خۆیدا لە سەر ئەو چەمکە کاری کردووە و توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵک لە داگیرکاری و لە هەمان حاڵدا لە مافە نەتەوەیی و تاکییەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە.

لەگەڵ وێژمانی نەتەوەیی کورد و وێژمانی نەتەوەی زاڵ و سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و پان فارسیستییەکانی ڕێژیم ئاشنای کردوون و هەوڵی داوە خەڵک بتوانن خۆیان ئەو سیاسەتانە تاوتوێ بکەن و لە پلان و کردوەکانی دوژمن ئاگادار بن . هەستی ناسیۆنالیستی و پیرۆزییەکانی نەتەوەیی وەک زمان و جلوبەرگ و کولتوور لە نێو تاکی کورددا دژێک بووە بۆ سیاسەتی ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی بیر و فکری کورد لە لایەن دەوڵەتێکی شۆڤینیست و فاشیست کە بە درێژایی مێژوو هەوڵی لەنێوبردنی فکر و حەزفی فیزیکی کوردی داوە وەک جینۆسایدی ساڵی ٥٨ لە دوای فتوای خومەینی.

هەمووی ئەوانە و ئەو ئاگادارکردنەوانە ئەرکێک بووە کە حیزبی دێموکرات وەک ئەستێرەی هیوای ڕۆژهەڵات بە باشی بە ئەنجامی گەیاندووە و تا ئێستاش بێوچان لەو ڕەهەندە تایبەت و هەستیارەوە خەریکی خەبات و چالاکییە .

**سەرچاوەکان :**

گۆڤاری تیشک

ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات

کۆمەڵە وتاری ئاگاهی کۆمەڵایەتی سیاسی

# ئیسماعیل ڕەحمانی:

## ئاکامی دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراقدا بووەتە هۆی پێکهاتنی حاکمیەتێکی خراپ و ملکەچ، هاوکات پشتگیری لە کەسایەتییە سیاسییەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی و ئیزن نەدان بە پێکهاتنی حکوومەتێکی خزمەتکار لە عێراقدا وایکردووە کە ژیانی خەڵکی عێراق لە دۆخێکی خراپی ئابووریدا بەڕێوە بچێ. ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە دروشمەکان دژی ئێران زیاتر ڕادیکاڵ ببێتەوە و خۆپیشاندەران داوای کۆتاییهێنانی دەستێوەردانەکانی ئێران بکەن لە عێراقدا

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

پاش زیاتر لە ٩ مانگ دوای هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق هێشتا حکوومەت لەو وڵاتەدا پێک نەهاتووە؛ ئەمەش بەو واتایە دێت کە قەیرانێکی سیاسی قووڵ بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە، ناکۆکی بەردەوامی لایەنەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت ئێران دۆخی سیاسی ئەو وڵاتەی بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار وەکوو پێکدادانی لایەنەکان بردووە. لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن لایەنگرانی ڕەوتی سەدر بۆ دوو جار پارلمانی عێراق کەوتە بەر دەستیان، خۆپیشاندەران داوای حکوومەتێکی وڵامدەری خەڵک و سەربەخۆ و هەورەها داوای بنبڕکردنی دەستێوەردانەکانی ئێران دەکەن کە دۆخی ئەو وڵاتەی بەرەو ئاقارێکی نالەبار بردووە.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی ئەو باسە تاوتوێ دەکەین.

**ـ بەگشتی دۆخی سیاسی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی سیاسی بووە؟**

وڵاتی عێراق دوای دامەزرانی لە پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و پێکەوەلکانی زۆرەملێی پێکهاتەی شیعە و سوننە و کورد لە دۆخێکی قەیرانیدایە و لە پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرەڕای ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی دەکەن و قەوارەی سیاسی ئەم وڵاتە بە هەڵبژاردن یەکلایی دەبێتەوە بەڵام بەهۆی دەستێوەردانە دەرەکییەکان و نەبوونی کەلتووری دێموکراسی و ناتەباییە مێژووییەکانی لایەنەکان پێکەوە و هەروەها ناکۆکییەکانی نێو خودی پێکهاتەکان بەشێوەی سەربەخۆ وایکردووە کە ئەم وڵاتە هەمیشە لە قەیراندا بێ و سەرەڕای بوونی ژێرخانێکی دەوڵەمەند لەڕووی ئابوورییەوە بەڵام لەڕووی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و ئاوەدانی ئەم وڵاتە نەیتوانیوە سەقامگیری هەبێ و وەک دەبینین شەقامی عێراقی بەهەموو پێکهاتەکانییەوە نارازین لە دۆخی زاڵ بە تایبەت ئەمە لە نێو ماڵی شیعە بەهۆی ناکۆکی سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکیی زیاتر خۆی دەردەخات.

بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای عێراق بەگشتی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەند مانگی ڕابردوو، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق و ئەوەی کە لایەنەکانی نزیک لە ئێران بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی پێشوو نەیانتوانی ڕادەیەکی بەرچاو لە دەنگەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەیکە لایەنەکان هەر لە سەرەتاوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکان تووشی کێشە بوون و بە دوای ئەوەشدا لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کێشەکان گەیشتنە لووتکە و نەیانتوانی بەربژێری سەرکۆماری یەکلایی بکەنەوە، ڕەوتی ڕووداوەکان و دەستێوەردانەکانی ئێران بەهۆی لایەنەکانی نیزیک لە خۆی دۆخەکەی وا لێ کرد کە گەورەترین کۆتلەی پارلمان کە سەر بە ڕەوتی سەدر بوون خۆیان لە ئەندامەتی پارلمان کشانەوە و ئەوەش بوو بە هۆی قەیرانێکی گەورە لە پێکهێنانی حکوومەت لە عێراق کە لووتکەی ئەو قەیرانەش خۆپیشاندانی لایەنگرانی سەدر و چوونە ناو پارلمان لە ماوەی یەک حەوتوودا کە توانیان لەو ماوەیەدا ٢ جار هۆڵی پارلمان داگیر بکەن و کۆتادانیشتنی پارلمانیان هەڵوەشاندەوە کە هەموو ئەم ڕووداوانە و دەستەوەستان لە پێکهێنانی حکوومەت دوای زیاتر لە ٩ مانگ پاش هەڵبژاردنەکانی پارلمان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە قەیرانێکی سیاسی قووڵ بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە و ناکۆکی بەردەوامی لایەنەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت ئێران دۆخەکەی بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار وەکوو پێکدادانی لایەنەکان بردووە.

**ـ چ شتێک بوو بەهۆی ئەویکە موقتەدا سەدر بانگەوازی خۆپیشاندان بۆ لایەنگرانی دەر بکات؟**

موقتەدا سەدر وەک کەسایەتییەکی ئایینی خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و بە دروشمی بنبڕکردنی گەندەڵی و پێشگیری لە دەستێوەردانی دەرەکیی بە تایبەت دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراق لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری کرد؛ دوای ئەوەی کە موقتەدا سەدر وەکوو گەورەترین کۆتلەی پارلمانی عێراق کە خاوەنی ٧٣ کورسی پارلمان بوون و چەند لایەنێکی دیکەشی لەگەڵ بوون و ئیجازەیان پێنەدرا حکوومەت پێک بێنن، کە ئەم کارەش بە هاندانی لایەنەکانی نزیک لە ئێرانەوە ڕووی دا، دوای ئەو دژایەتییە، بڕیاری کشانەوەی پارلمانتارەکانی خۆی دا و ئەو کشانەوەش لە پارلمان و دواتر بانگەوازی خۆپیشاندان بۆ لایەنگرانی زیاتر بۆ دژایەتی ئەو لایەنانە بوو کە نەتوانن حکوومەت پێک بهێنن. دوای یەکەم خۆپیشاندانی گەورە لە ڕۆژی هەینی ٧ی گەلاوێژی ١٤٠١، کە دواتر بە وتاری نوێنەری موقتەدا سەدر کۆتایی هات، هێندێک داواکارییان لە لایەنەکانی «چوارچێوەی هەماهەنگی» هەبوو کە دواتر دەرکەوت ئەو لایەنانە هیچ پابەندییەکیان بۆ داواکارییەکانی ڕەوتی سەدر نەبووە و کەسێکیان بە ناوی «موحەممەد شیاع سودانی» بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە دەسنیشان کرد کە ئەو کەسە لەلایەن ڕەوتی سەدرەوە بە توندی دژایەتی کرا و ئەو خۆپیشاندانەش زیاتر بۆ ڕەتکردنەوەی کاندیدی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بوو و هەروەها بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆتلەی سەدر بە دووبارە هەڵبژاردنی «مستەفا کازمی» بۆ سەرۆکوەزیران ڕازین دوای ئەوەی داوای سەرلەنوێ هەڵبژاردن دەکەنەوە لە عێراقدا کە ئەم پرۆسەیەش ماوەی زیاتر لە ٦ مانگ دەخایەنێ.

**ـ هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدایە و چۆن دەبێ ڕۆڵ بگێڕێت؟**

بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان و کورد وەک پێکهاتەیەکی گرینگ لە عێراق خاوەن ڕۆڵ و پێگەیەکی گرینگە، لە بیرمان نەچێ ساڵی ٢٠٠٣ ئەوە کورد بوو لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن کۆڵەکەی سەرەکیی و گرینگی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ بوو لە عێراقدا، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا یەکرێزی و یەکگوتاری لە نێو پێکهاتەی کورددا، هەر وەک پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لە دۆخێکی باشدا نییە و کورد کاتێک دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر بگێڕێ کە بتوانێ بە یەکڕیزی و یەکگوتاری بەشداریی لە ململانێکانی عێراقدا بکا کە بەداخەوە ئێستا بووەتە بەشێک لەو ناکۆکییانەی حکوومەتی عێراق و ئەوەی کە لایەنە کوردییەکان نەیانتوانیوە پێکەوە بە ڕێککەوتنێکی گشتی بگەن بۆ یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرکۆمار لەلایەک و هەروها لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دابەش بوون بە سەر لایەنەکانی کۆتلەی عێراقی کە ئەمە ناکۆکییەکانی زیاتر کردووە لە نێوان کوردەکاندا.

بەپێچەوانەی ئەم دۆخە دەیتوانی وەزعی لایەنە کوردییەکان لە پێکهێنانی حکوومەتی عێراقدا زیاتر نیشان بدات بەو هۆکارەی کە سەرکۆمار دەبێ لە کوردەکان هەڵبژێردرێ و خودی سەرکۆماریش لە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیراندا دەتوانی ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕی. بە بڕوای من ئەگەر هەموو لایەنە کوردییەکان بتوانن پێکەوە لە سەر پاکەیجێکی ڕوون بەنیسبەت داخوازییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕێک بکەون بەو ڕادەیە کە ئەندامی پارلمانیان هەیە زۆر باشتر دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن و زیاتر پێداگر بن لە سەر داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا کە بەداخەوە تا ئێستا ئەو قەوارەیە نەتوانراوە پێک بێنن.

**ـ ئاکامەکانی دەستێوەردانی چەند ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا چ بووە؟ کە خەڵکی عێراق ئاوا دژی ئەو ڕێژیمە دروشم دەدەن؟**





بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دراوسێیەتی ئەم دوو وڵاتە کە بە درێژایی مێژوو وڵاتانی ئێران و عێراق بەردەوام پێکەوە ناکۆکییان هەبووە و هیچکات دراوسێیەکی باش نەبوون بۆ یەکتری؛ کە لووتکەی ئەم ناکۆکییانەش بۆ شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە کە لە زۆر ڕەهەندەوە کاریگەری لە سەر پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵات هەبووە و ئێران بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە هێژمۆنی خۆی لە عێراقدا بسەپێنێ کە ئەم خەونەی ئێران لە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس تا ڕادەیەکی بەرچاو هاتە دێ.

لە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعسەوە ئێران بەردەوام دەستێوەردانی لە عێراقدا کردووە و سەروەری عێراقی پێشێل کردووە، پشتگیری ئێران لە لایەنە سیاسییە گەندەڵەکانی عێراق، پشتگوێخستنی بەرژەوەندییەکانی عێراق، نانەوەی بشێوی و پڕچەککردنی گرووپە نیابەتییەکانی ئێران لە عێراق بەشێک لەو دەستێوەردانانەن کە ئێران لە عێراقی کردووە و ئاکامی ئەم دەستێوەردانانە بووەتە هۆی پێکهاتنی حاکمیەتێکی خراپ و ملکەچ لە عێراقدا، هاوکات پشتگیری لە کەسایەتییە سیاسییەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی و ئیزن نەدان بە پێکهاتنی حکوومەتێکی خزمەتکار لە عێراقدا وایکردووە کە ژیانی خەڵکی عێراق لە دۆخێکی خراپی ئابووریدا بەڕێوە بچێ.

ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە دروشمەکان دژی ئێران زیاتر ڕادیکاڵ ببێتەوە و خۆپیشاندەران داوای کۆتاییهێنانی دەستێوەردانەکانی ئێران بکەن لە عێراقدا.

**ـ بە سەرنجدان بە گرووپ و لایەنە سیاسییەکان کە بەشێکیان لە ژێر نفوزی ئێراندان، ئەگەری پێکهێنانی حکوومتێکی گشتپەسەند و سەقامگیر لەو وڵاتە هەیە؟**

بە بڕوای من دوورەدیمەنی پێکهاتنی حکوومەتێکی گشتپەسەند و سەقامگیر لە عێراقدا، ئەستەمە! هەم بەهۆی دەستێوەردانەکانی ئێران و هەمیش ناکۆکییە مێژووییەکانی پێکهاتەکانی پێکهێنەری عێراق بە تایبەتی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی لە کاتی سەرۆکوەزیرانی مالیکی کە ڕووبەرووی سەدرییەکان بوویەوە و ئەوانە واتە کۆتلەی سەدر و کۆتلەکەی مالکی بێجگە لە ناکۆکی سیاسی، ناکۆکی مەرجەعیەتی نێو ماڵی شیعەشیان هەیە، هەروەها لەبیرمان نەچێ مێژووی عێراق، مێژووی شەڕ و خوێنە و هەروەك ئاماژەم پێدا، دامەزرانی عێراق لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم ئاکامی پێکەوەلکانی زۆرەملێی چەند پێکهاتەی دژبەیەك و ناکۆك بووە و ڕیشەی ئەم ناکۆکییانە هەم نەتەوەییە و هەمیش ئایینی و هەروەها نەبوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و کەلتووری پێکەوەهەڵکردن لەعێراقدا بەربەست و ڕێگری سەرەکیی پێکهاتنی حکوومەتێکی گشتپەسەندە لە داهاتوودا.

**ـ وەکوو ڕای خۆتان، عێراق بەو دۆخەی ئێستاوە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟**

پێشبینی داهاتوو کارێکی ئەستەمە و عێراق چارەنووسێکی نادیاری هەیە، بەڵام ئەگەر خەڵکی عێراق و سیاسییەکانی ئەم وڵاتە چەند هەنگاوێك نەنێن بەدڵنیاییەوە دۆخی ئەم وڵاتە بەرەو خراپتر دەڕوات و بەهۆی ئەوەیکە زۆربەی هەرەزۆری لایەنە سەرەکییەکانی عێراق خاوەنی هێزی چەکدار و میلیشیان و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی سیاسییەکانی عێراق ئەزموونێکی بەڕێوەبەری سیاسی ئەتۆیان نییە، ئەگەری شەڕی نێوخۆیی لەم وڵاتە بەهێزە. بۆیە پێویستە بۆ پێشگرتن لەو پێکدادانانە ئەم هەنگاوانەی کە پێویستە گرینگی پێ بدرێت:

١. پێشگرتن لە دەستێوەردانەکانی وڵاتانی دەوروبەر لە عێراقدا بە تایبەت دەستێوەردانەکانی ئێران

٢. بەهێزکردنی ڕۆحی پێکەوەهەڵکردن و گرینگیدان بە کەلتووری دێموکراسی

٣. گرینگیدان بە دۆخی ئابووریی خەڵک و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێك کە خۆشبژێوی و خزمەتگوزاری و ژیانی هاووڵاتییانی عێراقی بکاتە دروشمی سەرەکی خۆی و لەو ڕێگەیەدا هەنگاوی کردەیی ئەنجام بدەن.

# مانگی گەلاوێژ لە ئەدەبی کوردیدا



ئا: کوردستان

وشەی گەلاوێژ لە نێو زمان و ئەدەبی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە بە چەشنێک کە لە شێعری زۆرێک لە شاعێران یان بەرهەمی زۆرێک لە ڕۆماننووسانی کورد جێی خۆی کردووەتەوە. جیا لەوەش لە کۆنتێکستی زەینی تاکی کورددا خاوەن جێگەیەکی دیارە.
ماموستا هەژار موکریانی لە «هەنبانەبۆرینە»دا بەم شێوەیە مانای گەلاوێژی کردووە:
گەلاوێژ: ستاره شعرا، مرداد ماه، نام زنانه، توده درویده غله.
لە فەرهەنگی خاڵدا گەلاوێژ ئەم مانایەی بۆ دانراوە: ئەستێرەیەکی گەشی بەپرشنگە لە ناوەڕاستی هاویندا لە کەلووی خۆی دەترازێ.
بەپێی پێناسەیەکی گشتیش کە لە نێو چاندی کوردیدا بۆ ئەستێرەی گەلاوێژ هەیە دەگوترێ ساڵانە لە دوای ڕۆیشتنی ٤٥ ڕۆژ لە وەرزی هاوین لەشەوی ١٥ لەسەر ١٦ی مانگی گەلاوێژ، ئەستێرەی درەوشاوەی گەلاوێژ لە ئاسمان بەدیار دەکەوێت و بەخێرایی بەئاسماندا تێدەپەڕێت؛ لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژ، شەوانە کەشوهەوا فێنك دەبێت و مزگێنی نەمانی گەرمای هاوین و فێنکبونی کەشوهەوا بەخەڵك دەدات.
لەکۆندا کاتێك گەلاوێژ ئەنگوت، خەڵك پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکرد و وەك مژدەی سەرکەوتن بەسەر گەرمای هاوین پێناسەیان دەکرد.
ئەستێرەی گەلاوێژ یەکێکە لە درەوشاوەترین ئەستێرەکان قەبارەکەی دوو ئەوەندەی خۆرە، ڕوناکییەکەشی ٢٦جار لە ڕوناکی خۆر زیاترە، لەمبارەوە کەشپێو و کەشناسەکان دەڵێن: گەشترین ئەستێرەی ئاسمان گەلاوێژە، ئەو ئەستێرەیەی لە کۆنەوە خەڵك لەگەڵ دەرکەوتنیدا بڕوایان وایە گۆڕانکاری لە کەشوهەوا دروست دەبێت.
گەلاوێژ، پێنجەمین مانگی ساڵ و دووهەمین مانگی هاوینە لە ڕۆژژمێری جەلالیدا. لە ڕۆژژمێری فەرمی ئێراندا مردادی پێدەگوترێت، گەلاوێژ لە ١٥ی گەلاوێژەوە دەست پێدەکات و تاوەکوو نیوەی مانگی ڕەشەمە بەردەوام دەبێت، دەتوانرێت لەدوای ڕۆژاوابوون لە مانگی ڕەشەمەدا و بەر لە ڕۆژاوابوون لە مانگی گەلاوێژدا ببینرێت، لە کۆندا لەگەڵ هاتنی مانگی گەلاوێژ گۆڕانکاری لە کەشوهەوا دروست بووە.
قەبارەی ئەستێرەی گەلاوێژ دوو ئەوەندەی قەبارەی خۆرە، وامەزەندە دەکرێت کە تەمەنی ئەم ئەستێرەیە زیاتر لە ٢٤٠ میلیۆن ساڵ بێت. ڕووناکییەکەی ٢٦ جار لە ڕووناکیی خۆر زیاترە، دووری لە خۆرەوە ٩ ساڵی تیشکییە، کە هەر ساڵێکی تیشکیش ٩ تریلیۆن کیلۆمەتر دەبێت. ١٦کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، بە پێنج ڕۆژ خولێک بەدەوری خۆیدا تەواو دەکات.
مانگی گەلاوێژ لەدوای مانگی پووشپەڕ دێت، ئەوکات دەخڵ و دان وشک بووە بەهۆی گەرمی ئەو مانگەوە، لەگەڵ هاتنی مانگی گەلاوێژ ئیدی بەرەبەرە کەشوهەوا فێنک دەبێت و گۆڕانکاری ڕوودەدات. هۆکاری گۆڕانی هەوا بە دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە نییە، بەڵکوو بەهۆی سوڕانەوەی زەوییە لەسەر تەوەری ٢٣ پلە بە چواردەوری خۆیدا و بە هەمان شێوە بە چوارچێوەیەکی نابازنەیی بە چواردەوری خۆر بەڵام لەبەر ئەوەی نۆ ساڵی تیشکی لەخۆرەوە دوورە، هەربۆیە ڕوناکییەکەی ناگاتە زەوی.

لە کۆندا ٢ هەزار و ٤٠٠ ساڵ پێش زایین، فیرعەونەکان و میسرییە کۆنەکان پێیان گوتووە سویدیت، بەهەمان شێوەی کوردیش بە مانگی فێنکی و گۆڕانی کەشوهەوایان داناوە، پێشیان وابووە هەستانی لافاوی نیل هۆکارەکەی دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە، یۆنانییەکانیش پێیان گوتووە سوتی، لە کوردستانیش بە سیریوس ناسراوە، عەرەبە کۆنەکانیش پێیان وتووە ئەستێرەی (الشعری)؛ لە کوردی ناوەڕاست لە شێوە دیالێکتی سلێمانی و لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پێی دەگوترێت خەرمانان، ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە لەم مانگەدا خەرمانی دانەوێڵە لە هەموو گوندەکانی کوردستان کۆ دەکرێتەوە، بەڵام لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو هەورامان و کەلهوڕ و ناوچە دیالێکتیکەکانی موکریان و سنە و ئەردەڵان پێی دەگوترێت گەلاوێژ، واتە لەگەڵ مانگی داهاتوو پاش و پێشکەوتن هەیە، لای ئەوان ئەستێرەی گەلاوێژ، لەسەرەتای ئەم مانگە دەردەکەوێت و بەوەش دەڵێن مانگی گەلاوێژ.
ناوی ئەم مانگە لە چەند ناوچەیەکی دیکە بەم جۆرە دێت: جۆخینان، خوزێران، مێوەگەنان، زەخیران، تیرمە.
لە کورمانجی ژووروو بەم مانگە دەڵێن «تەباخ»؛ لەلای هەورامانییەکان پێی دەڵێن (گەلاوێژ)، لەلای کەلهوڕ پێی دەگوترێت «گەلاویژ» و «ڕاهێلان»، لەلای ئەردەڵان و سنە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێک ناوچەی باشووری کوردستان پێی دەگوترێت (گەلاوێژ)، لە دیالێکتی لەکی و باشوری زاگرۆس بەم مانگە دەگوترێت «مەڕدار».

لەگەڵ ئەنگوتنی گەلاوێژ، چەند نیشانەیەك هەن بەئاشکرا هەستیان پێدەکرێت:

ئەگەر گەلاوێژ ئەنگوت، هەر دوو باڵندەی پەڕەسێلکە و حاجی لەق لەق کۆچ دەکەن بۆ خوارووی باشوور، بەڵام باڵندەی پەپوو سلێمانکە بەپێچەوانەی ئەو دوو باڵندەیە، هەر کە هەستی بە نزیکبوونەوەی گەلاوێژ کرد، دێتە جێگای ئەوان و شوێنیان دەگرێتەوە، هەر دارێکیش گەڵای وەریبێت لەتینوان، دوای گەلاوێژ دووبارە چرۆ دەردەکاتەوە، زەویش دەخوسێت و باشتر ئاو ڕادەکێشێت، باخ و بێستان و شینایەتیش ئاوێکی کەمتریان دەوێ.
پێش گەلاوێژ، کاتێك دارێك دەبڕی بە ئاسانی توێکڵی لێ دەبێتەوە، بەڵام دوای گەلاوێژ بەزەحمەت توێکڵی لێ دەبێتەوە،لەکۆندا کاتێك ئەستێرەی گەلاوێژ دەردەکەوت، ئەیانگوت منداڵینە چیدیکە مەلەی مەکەن خۆ دەناو ئاوێ هەڵمەینن، گەلاوێژ ئەنگوتیە نەخۆش دەبن.
ئەگەر گەلاوێژ ئەنگوت ئیتر وەختی مازیانە و خەڵك دەچنە ناو لێڕی مازیان دەکەن، مەڕومالاتیش هەستی پێدەکەن و دوای گەلاوێژ لە شەواندا لەیەکتر نزیک دەبنەوە، ئەوەش نیشانەی فێنکبونی کەشوهەوایە.
دوای هەڵهاتنی گەلاوێژ، میوەی ترێ تامی شیرین دەبێ و پێدەگات، هەر بۆیە لەکۆنەوە گوتویانە: دوای گەلاوێژ ترێ بەتامتر ئەخورێ، یان گەلاوێژ کەوتە بەر شەوێ ، دەست بەرە لۆ باخەڵی مێوێ.
بەگشتی ئەستێرەی گەلاوێژ تا بڵێی ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگدار و سەرنجڕاکیشە هەر بۆیەش لە شێعر و گۆرانی و حەیراندا ڕەنگی داوەتەوە و بە کیژانی چاو جوانیان وتووە: گەلاوێژ.

نموونەی شێعرێک لەسەر گەلاوێژ
شێعری «ئەی شەوقی گەلاوێژ»ی مامۆستا گۆران

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت!
ئەی عەتری سەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت!
ئەی حوسنی تولووع وێنەیەکی فەیزی حوزوورت!
ئەی حوزنی غورووب ڕۆژی ڕەشی دووریی تەباهت!
ئەی کۆشک و سەرای باغی بەهەشت مەیلی سەوابت!
ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت!
ئەی عیففەتەکەت داغی حەسەد بۆ دڵی جیبریل
هەر بۆ هەوەس و عیشوەیە خۆ لارە کولاهت!
چۆن مەحکەمەیی عەشق نەدا حەق بە جەمالت؟
خەندەی لەبی مەعسوومە ئیفاداتی گەواهت!
وەک بلبلەکەی فەجری ئەزەل ویردمە ئەی یار:
بۆ ئەو گوڵە وا خەڵقی ئەکا حەمدی ئیلاهت!
بێ عەشقی هەوای پاییزە بۆ قەلبی فسردەم
ئەی ڕۆژی بەهار مەرحەمەتی تینی پەناهت!
بێدارییەکەم زوڵمەتی شەو بردی قەراری
تۆ و زوڵفی پەشێو، دەربخە سا چیهرەیی ماهت!
ئەستێرە هەموو داغی سەمای سینەتە «گۆران»
ئەی عەرشی عەزیم نارەحەتی دووکەڵی ئاهت!

بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مانگی گەلاوێژ، لەگەڵ ئەوەیکە زۆر نەهامەتی سیاسی ئێخەی گەلەکەمانی دادڕی، مانگێکی پیرۆزە و جیا لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە باس کران وەک مانگی پڕخێر ناوی دەرکەوتووە؛ ئەویش بەو هۆیەوە کە لەم مانگەدا و لە ٢٥مین ڕۆژی گەلاوێژدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ( کە ئەویش لە هەمان ڕێکەوتدا بنیات نرابوو) دامەزرا و بوو بە قوتابخانەیەک لەمەڕ ڕزگاریی گەل.
لەمبارەوە مامۆستا هەژار، گەورە نووسەر و شاعێر و وەرگێڕی کورد دەڵێ:
گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ
دەرکەوت، چابوو تۆ نەبووی ڕەنجەڕۆ
نرخی ئەم مانگە پارەی گیانە
جێژنی سەرساڵی کۆمەڵی ژیانە

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :828 · 6 August 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی پووشپەڕ، چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «شادی دەرگاهی» هاوژینی ئیرەج ڕەحیمزادە، چالاکی ژینگەپارێزی پاش بانگهێشتکردنی بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٤ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لوقمان گرامی» کوڕی ئیبراهیم خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٤ی گەلاوێژ، «مەحیەدین کەریمیان»، «ئەسعەد عەلەوی» و «کوورش بابامورادی» لە مامۆستایانی شاری دیواندەرە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی گەلاوێژ، لاوێکی کورد بە ناوی «هێدی شادیخا» خەڵکی گوندی «سینگان»ی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەک بە ناوی «کازم تابناک» کوڕی محەممەدئەمین خەڵکی گوندی «سینگان»ی شاری شنۆ، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی گەلاوێژ، لاوێک بە ناوی «حەسیب حەسەنزادە» تەمەن ١٨ ساڵ کوڕی ڕەحمان و سێ مێرمنداڵ بە ناوەکانی «سامان حەسەنزادە» تەمەن ١٧ ساڵ کوڕی مستەفا، «زانیار حەسەنزادە» تەمەن ١٦ ساڵ کوڕی ئیسماعیل و «پێشەوا شاداب» تەمەن ١٦ ساڵ کوڕی جەعفەر خەڵکی گوندی «بابخالاوێ»، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای شنۆ کران.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی گەلاوێژ، دلێر ئەسکەندەری، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سنە، بانگهێشتی لقی ٢ی لێپرسینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارە، کرا.

### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

یووسف ڕەحمانی، خەڵکی شنۆ کە لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ ڕاگیراوە لە چارەنووسی زانیارییەکی ورد لەبەردەستدا نییە.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لوقمان قادری» کوڕی عەزیز خەڵکی پەسوێ و دانیشتووی شاری پیرانشار، لە دەسبەسەریدایە و چارەنووسی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، نادیارە.

سەرەڕای تێپەڕینی نزیک بە دوو مانگ لە کاتی دەسبەسەریی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «داریووش مێهدیزادە» کوڕی نەسروڵلا خەڵکی گوندی «پاڵنگان» و دانیشتووی شاری کامێران، لە چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە زانیارییەک لە بەردەستدا، نییە.

### گوشار بۆ سەر کاناڵە تێلێگرامییەکان:

ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعات لە نوێترین حاڵەتدا، گوشاری بۆ سەر بەڕێوەبەرانی کاناڵە تێلێگرامییەکان لە شاری بانە، کە هەواڵی پەیوەندیدار بە کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران ڕووماڵ دەکەن، زیاد کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە کوردپای ڕاگەیاندووە: «لە ماوەی ڕۆژی ڕابردوودا و پاش کوژران و بریندارکردنی دوو برای کۆڵبەر بە ناوەکانی سەعدوڵڵا و عەلی یوونسی لە شاری بانە، ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، چەند جار لەگەڵ کاناڵە تێلێگرامییەکانی وەک ڕووداو بانە، پرسە و سەرەخۆشییەکانی بانە وبانە ٢٤ پەیوەندیی گرتووە و هوشدارییی بە ئەوان داوە کە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە کۆڵبەران خۆیان ببوێرن».

### درێژکردنەوەی ماوەی دەسبەسەری چوار چالاکی سێنفیی:

بڕیاری دەسبەسەری کاتیی یووسف ڕەحمانی، هاووڵاتیی خەڵکی شاری شنۆ، بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژی دیکە، درێژ کرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی گەلاوێژ، بڕیاری دەسبەسەرکرانی کاتیی ئومید شامحەممەدی، هیوا قورەیشی، پەرویز ئەحسەنی و کاوە محەممەدزادە، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - دیواندەرە، بۆ ماوەی مانگێکی دیکە درێژ کرایەوە.

بڕیاری دەسبەسەریی کاتیی هاووڵاتییەک بە ناوی «میکائیل مینبەری» خەڵکی گوندی «نییەر» و دانیشتووی شاری سنە لەلایەن لقی دووی لێپرسی دادگای ئینقلابی سنە درێژ کرایەوە.

ڕۆژی سێشەممە ١١ی گەلاوێژ، نەوید کۆنەپووشی، چالاکی ژینگەیی خەڵکی شاری مەریوان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کرا.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە ١ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بەختیار مستەفاپوور» کوڕی جەعفەر خەڵکی گوندی «سێگرکان»ی شاری پیرانشار، لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارە، بۆ زیندانی نەغەدە، ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کاوە سلێمانپوور» خەڵکی گوندی «خوڕخوڕە»ی شاری مەهاباد بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «محەممەدخالید حەمزەپوور» خەڵکی گوندی «خانلەر» و ڕەحمان یووسفی» خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شاری شنۆ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەیان ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کران.

ڕۆژی سێشەممە ١١ی گەلاوێژ، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «بەهمەن مەحموودیئازەر»، خەڵکی شنۆ، «فەرهەنگ کەرامەت (ئالانی)» و «یەعقووب مەحموودیئازەر» خەڵکی گوندی «سینگان»ی ئەو شارە، پاش تەوابوونی ماوەی لێپرسینەوەکەیان لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ، بۆ زیندانی شنۆ ڕاگوێزران.

### مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

ڕێبوار عەبدوڵڵاهی، چالاکی کرێکاری لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» بە دوو ساڵ زیندانی تەعلیقی مەحکووم کرا

لاوێکی کورد بە ناوی «سینا (کەریم) مینایی» کوڕی مستەفا خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شاری شنۆ، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ٣ ساڵ زیندانی تەعزیری و سێ ساڵ زیندانی تەعلیقی، مەحکووم کرا.

### دوورخرانی هاووڵاتییان بۆ شارە غەیرە کوردنشینەکان:

لوقمان ئەفزەلی، ئەندامی ئەنجومەنی مامۆستایانی کوردستان - سنە، لەلایەن هەیئەتی پێڕاگەیشتن بە سەرپێچییە ئیدارییەکانی فەرمانبەرانی پارێزگای سنە، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە گۆڕینی زۆرەملێی شوێنی کارەکەی بۆ پارێزگای «ئەردەبیڵ» مەحکووم کرا.

### تەقینەوەی مین و گوللە خۆمپارە:

ڕۆژی هەینی ٣١ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەمیر ساڵحی» کوڕی ئیبراهیم خەڵکی شاری بانە، بەهۆی تەقینەوەی گوللە تۆپێک لە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، گیانی لەدەست دا

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٩ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەتا حەسەنزادە تەمووغە» خەڵکی شاری سەقز، لە سنووری «هەنگەژاڵ»ی بانە، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.

### تەقەکردن لە هاووڵاتییان:

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بەهرام مەحموودی» کوڕی ڕەحمان خەڵکی بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «هەنگەژاڵ»ی ئەو شارە بریندار کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٤ی گەلاوێژ، لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵ بە ناوی «سینا زەفەری» کوڕی سەروەر خەڵکی شاری کامێران بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان لە شاری ئەهواز کوژرا.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٩ی گەلاوێژ، مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان، تەقەیان لە ماشینی شەخسیی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمان ڕاشدیمەنش» خەڵکی گوندی «قولقولە»ی مەریوان لە جادەی خۆڕەم ئاوا کرد، کە لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنە دوو ئەندامی ئەو بنەماڵەیە گیانیان لە دەست دا.

### ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەمیر ئوجاقی» خەڵکی شاری کرماشان، لە زیندانی یەزد لە سێدارە درا.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە ٥ی گەلاوێژ، حوکمی لە سێدارەدانی ژنێک بە ناوی «سوهەیلا عابیدی» خەڵکی شاری بیجاڕ، لە زیندانی ناوەندیی سنە، جێبەجێ کرا

سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی ژن بە ناوی «فەرانەک بەهەشتی» بە تۆمەتی «کوشتنی بە ئەنقەست» لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، لە سێدارە درا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی گەلاوێژ، حوکمی ئێعدامی دوو زیندانی بە ناوەکانی «هیوا ئەحمەدی» خەڵکی گوندی «بێساران» و «پەیام یەزدانی» خەڵکی گوندی «کەکلێاوا»ی سەر بە سەوڵاوا، لە زیندانی ناوەندیی سنە، جێبەجێ کرا

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٨ی گەلاوێژ، حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «ئەیووب میرزایی (سەرابی)»، خەڵکی گوندی «سەراو»ی ناوچەی سەرفیروزئاوا، لە زیندانی دیزلاوای کرماشان، جێبەجێ کرا.

### کوژران و بریندارکردنی کۆڵبەران:

ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەهدی خادم مەسجد» خەڵکی گوندی «کەمەرەسپی» شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بە سەختی پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٣١ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەمیر» خەڵکی شاری بۆکان و دانیشتووی شاری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری «هەنگەژاڵ»، بە سەختی بریندار کرا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێک بە ناوی «سەعدوڵڵا یوونسی» بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە گیانی لەدەستدا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «عەلی یوونسی» بە سەختی بریندار بوو.

ڕۆژی سێشەممە ٤ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێک بە ناوی «جەلیل کەریمی» خەڵکی گوندی «شرکان»ی پاوە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود، پێکرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٥ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێک بە ناوی «شێرکۆ چاوشینی» کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی «ورچەک» سەر بە شاری سەردەشت، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری «سەرتەزێن»ی ئەو شارە، گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بریندار بوون. هەواڵنێری کوردپا لە شاری بانە شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە بریندارەی، «محەممەد» خەڵکی شاری سەقز و «دانا شەعبانی» خەڵکی گوندی «ئەنجێنێ»ی شاری بانە، ڕاگەیاندووە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێک بە ناوی «محەممەد قادری» کوڕی عەلی و دانیشتووی شارەکی «زیارەت تەمەرخان»ی سەلاسی باوەجانی، لە سنووری نەوسوود بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، پێکرا.

### گیانلەدەستدان و بریندارببوونی کارێکاران:

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی گەلاوێژ، منداڵێکی کار بە ناوی «ماردین سڵامەتییان (کوردە)» تەمەن ١٠ ساڵ خەڵکی شاری بۆکان، بەهۆی قورسی برینەکانییەوە لە ئەنجامی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە و سووتانی جەستەی لە نەخۆشخانەی ورمێ، گیانی لە دەست دا.

### خۆکوژی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی گەلاوێژ، منداڵێکی کار بە ناوی «مەتین مستەفایی» تەمەن ١٠ ساڵ، کوڕی «ئەیووب» خەڵکی گوندی «چاوەڕەش»ی ناوچەی باراندۆزی ورمێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی گەلاوێژ، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٤ ساڵ بە ناوی «ئاریا جان گولی» کوڕی ئەمیر خەڵکی گوندی «سینگان» و دانیشتووی شاری شنۆ، بەهۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شەوی هەینی ٧ی گەلاوێژ، ژنێکی لاو بە ناوی «کەوسەر (هەڵاڵە) بەرفی» کچی مستەفا لە شاری پیرانشار، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی گەلاوێژ، سەربازێک بە ناوی «ئاریان شامحەممەدی» تەمەن ٢٠ ساڵ کوڕی ئیبراهیم خەڵکی شاری دیواندەرە، بە هۆکارێکی نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی هەینی ١٤ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی ژن بە ناوی «شەیدا نەسیری» کچی محەممەد خەڵکی گوندی «بەفروان»ی شاری مەهاباد کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.





